# تەم

رێژنە باران لەشووشەی پەنجەرەکان دەدا
تەمومژ یاساولی شەقامە
منیش دوو دڵی سەرا پامی داگیرساندووە
شوێنەکان هەموو لافیتە درۆزنەکان شاردیتیانەوە
شوێنێك نەما تا پەیکەری خۆشەویستی لێ دروست کەین
دونیا بە خۆشەویستی ماوە
وەرە با من و تۆ یەکترمان خۆشبوێ
بیر لە هیچ شتێك نەکەینەوە

ماسیەکان بنێرینە ناو گەرمایی رووبارەکان
تۆڕەکان لە کەنارەکان بهێلینەوە.
لەم ژوورە پەردەپۆشە دادەنیشم
بیر لە هاتنی ئێوارەو و سبەینە دەکەمەوە
لە ئێوارە کە دەگەرێمەوە ژوورەکەم
سبەینە کە لە ژوورەکەم دەردەچم
ژوورەکەم وەفادارمە جێی دێڵم
هەناوی دەبێتە تۆپەڵێك گڕی چاوەڕوانی
لە چاوەڕوانیم دادەگیرسێ
دێمەوە ژوورەوە
چراکەم دادەگیرسێنم و
من و پاکەتێك جگەرەو
قاپێ عەرەق
یەك یەکتری تەواو دەکەین

1995

# دەریا

ژوانی شەو
بە نەوای شمشاڵ و پێکەنینی درۆ
بەڕشانەوەی بەر دەرگای مە یخانەکان
بە کیژانی حەزی دۆڕاو، ڕاکشانی ئەزەلی ئاسا
مردن هات لە دەرگایدا
مردن ئەی میوانە پیرۆزەکە
سەرچاو هاتی
سووڕانەوەی خۆرو نامۆیی خەون و
تەمەن و ژیانی سەراسیمەن
بارانی سەر بە کڵاو بەرك دایکرد
مەمکی جۆگەڵەکانی پڕ شیر کرد
منداڵان چوونە بەر ئەم مەمکە تێر مژین بوون
خۆیان بە پرچی دایکیان قیت کردەوە

**گەر ئەو  منداڵانە بڕۆن بەرەو کوێ دەڕۆن**
**بەرەو  نادیارێکی نامۆ**
**رووبارێکی وشك و چیایەکی رووت**
**من لەگەڵ زەنگی کلێسەکان و ئەستێر درەوشاوەکان**
**ژوانی کیژو کوڕانی تازە هەڵچوو**
**لە هەموویان بووم**
**مردن رێگای چ سەختەو چ خۆشیە**
**مردن ئەی برا گیانی بە گیانیەکەم**
**وەرە ئەمشەو**
**با من و تۆ... گۆرانیەك بڵێین**
**تەنیا**
**ماسی ناو جۆگەکان گوێمان لێ بگرن**

**مردن وەرە**
**بامن و تۆ**
**لە کەناری دەریا دانیشین**
**دەریا دۆستێکی بەخشندەیە**
**مێیەکی بە بەزەییە**
**خۆشمان دەوێ**
**مردن وەرە بامن و تۆ**
**لە کەناری دەریا دانیشین**
**ئاخ دەریا چ دۆستێکی دڵ رەقی**
**دۆستایەتی ئێمەت قبوڵ نیە**
**ئەستێرەکان خێرا دارژان**
**منداڵە نووستوەکانی سەربان لە شەوانی هاوین**
**هەریەکەیان پارچەیەکی لەم ئەستێرە**

رژاوە کۆدەکەنەوەو دەبێتە یادگاریان
تەمەن دەڕوات
یادگار دەمێنێت
رووبار دەڕوات و بە رق شە پۆلەکان
چە پۆك لەکەنار دەدەن
کەنارەکان چ بەخشندەن
هێشتان ئاویان خۆش دەوێ
ئاو ئەی دۆستە هەمیشەییەکەی ئادەم و حەوا
ئادەم و حەوا مەینەتیان چەند دیت
زەوی ژێرو ژوور دەکەم
بە پێخواسی دەڕۆم
تا دەگەم بەو بەردەی بەسەری ئادەم و حەوا کەوت

1995

# من گۆڕەوانی سەردەمەكانم

**لەم بوولێڵ و تاریکستانی روحەدا**
**منی گۆرانی بێژی سەردەمەکان**
**وەك بەردێکی لاڕی قووڵ قووڵ کەوتمە ناو تاریکی و**
**وەك کانییەکی داچۆڕاوی تەنیا لەبیر کرام**
**بە تەنیا هەر بیرەوەرییەکانم**
**لەم سارایەی رۆحەدا گەرمی دەکردمەوە**
**ئای بیرەوەری چەند پیرۆزی**
**ئا لەم تەنیایی و روحەدا**
**هالاوی دەروونم**
**لەسەر جەستەم وەك هەڵم بەرز دەبێتەوە**
**کلیلی زیندانیەکان شکان**
**مرۆڤ وەك رەوە کۆترێك**
**هاتنەوە ناو زەمین**

بای ئازادی لە مرۆڤی دا
ئای مرۆڤ
کەی بای ئازادی و روح لێت دەدا
گیا لە جەستەم و روحم شین بوو
رەوە کۆترو باڵندە لەسەر گیای روحم هەڵدەنیشنەوە
گفتوگۆی ئەشقم لەگەڵ دەکەن..ئەشق..ئەشق..ئەشق
ئەشق چ کۆلارەیەکە بە ئاسمانی وڵات بەرز بۆتەوە
مرۆڤ لە دوورەوە تەماشای دەکات
هەریەك چاوانی پر گریان دەبێت
گریانی عاشق چ گۆرانیەکی کۆنە
ئەی ئەشق ئەی کانیە کۆنەکە
چەندەها جۆگەت لێ دەبێتەوە
ئەم جۆگەی روح

**روون روون دەڕژێتە ناو دڵی سزا دراوی من**
**ئەم ئێوارەیە من و رەوە کۆترو ماسی**
**هەریەك پێکەوە**
**کۆلی ئەشقمان لە کۆڵ نایەو**
**من بە چیایەکی سەختا هەڵدەگەڕێم**
**کۆتر لەناو گەلای درەختەکانی روحم گۆرانی سەرسامی دەڵێن**
**گمەیان مۆسیقایەکی بەلەزەتە**

من بە رووتی دەچمە بەر ئەم بارانی ئەشقە
ماسیش لە کەنارەکان نزیك دەبنەوە
شە پۆلەکان توند توند پێك دەکەون
ئای کەنارەکان ئازاری راوچی و
تۆڕەوان و
کەشتەوان
مەدەن
من گۆرەوانی هەموو سەردەمەکانم

1994

# جۆگەکان کیژی کانین

کیژێ لەوڕێنەدا گوتی
ئێرە وڵاتی مردووانە
نانا نەخێر زەمانێك ئێرە لانەی کۆترە تارکراوەکان بوو
شەو درەنگانێ لەگەڵ دار بەڕووەکان دەبوونە دۆست
باسی شەوی ئاوابوون و
شەوانی سەختی ڕێگایان
دەبووە چیرۆکێکی ئەفسانەیی
خەڵکان لە بەردەم ئاگردان دەیان گێڕاوە
تەنیا بەردە زلەکانی لاڕێ هاوڕێنە
ڕووباریش دۆستێکی دێرینی جۆگەکانە
جۆگەکانیش کیژی کانین
تەمێکی رەش گلێنەی رۆژی شاردەوە
پەری ئارەزووی زایەندیان کرد

**یاخی بوون**
**دەرگاکانیان بە ئاهی ساردیان مۆرکرد**
**رووخسار خەندەی جارانی نەما**
**درِك و دالْ لەچاوان ون نابن**
**گەواڵە هەوری رەش**
**بەم ناوە دەسورِێتەوە**
**قەستیەتی بە توندی گوڵەکان بکوتێت**
**پە پوولە لەئاسمانی بێ سنووردا**
**هاورِێی باران و بەفر و ئەستێرەن**
**لێرە ئەوانیش بە ئاهی ساردی ئێمە**
**ئاوە لێڵەکان لوولی دان**
**ئا ئەوەتا چە پۆکی گیان لەبەرە شەورِۆیەکان**
**بە چاوانی ئێمە ئێمەش لە مێرگەکان**

داڵەكانیش لە چاوە گەورەكان
ئەوانیش زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئەشك دەڕژن
رادەكشێن لەسەر تەرمی گەنیوی كۆترێكی باڵكراو
ئەژدیهاش هەر هەمووان هەڵدەلووشێ
سیسارك بە تەنهایی لەئاسمانی گەردەن كەشدا
دەوران دەكات
منیش لەناو تەم و مژێكی خەست دەژیم
وەرە من و خۆرەتاو بۆ خۆت بەرە
ئەی خەرەندی روح

1995

# من و قەڵا

**سێوەکان بە فەریکی**
**بارانی ناوەخت لەلکەکانی کردەوەو**
**فڕێیدانە سەر شەقامەکان**
**گایەك لە شەقامەکان بە چلێسی دەیان خوات**
**ئای گەدەی گا**
**سێوەکەی ئادەم**
**کێ لەسەر شەقامەکان هەڵیدەگرێتەوە**
**کپ بوونی شار**
**دەمی وشکی کێڵگە تینوەکان**
**چ وەرزێکە**
**(( پنجە گیاکان مەرگی خوناو دەبینن ))**
**ماسی نەفام بوون لە دەریا هاتنەدەر**
**ئادەمی باوکی ئادەمییان**

لە بەهەشت تووشی سێو خواردن بوو
منیش لە دۆزەخ
من و ئادەم
ئەو بەهەشتی و
منی دۆزەخی
پێکڕا دادگایی کراین
ماسیش بەشێکی سێو خواردنی بەرکەوت
دەربەدەر کرا چ دەربەدەرێك
ئازارێکی بەلەزەت و چێژدار
مرۆڤایەتیش پێچەوانەی ماسی
لە وشکایی فڕێیان دایە دەریا
لاو لاوەکانی بە دیواری زیندانەکان
گەش هەڵچونە

**بەندیەکان سپێدان لەگەڵ لاو لاوەکان**
**بەیانی باش دەکەن**
**بەیانی باش هەمووان**
**لاو لاوەکان کەس و کاری زیندانیەکانن**
**لەقلەق مێژوومان بوو**
**لە شارە دێرینەکەی من**
**لەقلەق چ گوناهێك بوو**
**کامە ئاهی سارد دەیان شواتەوە**
**بەردەکانی قەلا بێزار بوون**
**بەخەمێکی گەورەوە غلۆر بوونەوە سەر شەقامەکان**
**بەردەکانی قەلاو سێوەکەی ئادەم تێکەڵ بوون**

**هەولێر..قەڵا..بەهەشت**
**سێوەکەی ئادەم**
**لە گەدەی چ گایەك جێگەیان دەبێتەوە**
**ئەی گا**
**ئەی سێرکی بەتاڵ**
**لە جوانی و گفت وگۆو**
**لاوانەوەی جوانیەکان**
**بێزارە.. بێزارە.. بێزارە..**

**1995**

# بلیت

تاریکایی سەرا پای ئێرەی داگیرکردوە
پێکەنینی بەردەوامی جەللادەکان
سروودی منداڵە غەمگینەکان
بێ کۆتایین
ژنە گوڵ چنەکان سەرسام بوون
لە ڕۆیشتنی بەردەوام
بۆن کرۆزی جەستەم و
شێواوی ئەم (( ئێرەیە ))
زوویرم دەکاو ئاشتیش
من خەسێندراو
تۆش پێش بالغ بوون...بێوەژن
لێرە پێناسەیە
لەوێ بەرد باران دکرێ

**وێنەی خۆمم لە ئاسمانی**
**ساف بینی، شوێندراوبوو**
**بانگهێشت کرام**
**نسکۆ ...نسکۆ**
**تا بلیتم بەرکەوت، کە گەیشتم**
**مەیگێرەکە کیژی نیشتمانی خۆم بوو**
**چاوی هەمووان دەینوڕایە ئەم**
**ئەمیش هێدی هێدی**
**لە نەخشەکان**
**خۆی دەسڕیەوە..**

**1995**

# ژانی جەستەو هەڕەشەی مانگ

**دووكەڵی جگەرەو پێكی ژەهر**

**بۆ هەمیشەیی لێك زووير نابن**

**لە سێبەری ئاوم روانی**

**دەريا هاتە خوێندنەوە**

**مانگ هەرەشەی لەخوێندنەوەی دەريا كرد**

**هەورەكان مەمكيان پڕ باران بوو**

**لێرە رەت بوون**

**چراكان كز كزن روناكی بە كونجێكيش نابەخشن**

**مێروو قەبر لە وێڵستان**

**دەستيان درێژ كرد**

**داگيريان كرد**

**منداڵ چەند جوان دەڕۆن**

**چەند جوان دێن**

پێی سوڵتانی ئەم ناوە چەند گەورەیە
لە هیچ ناکات
ئاوێنەو روخسار شەڕیان بوو
لە بێ ئاگایی ئاوێنەو روخسار
ئێمە تێك ئالاین
سەری رەزامەندی دانەوێنە
گوێ لەم گۆرانیە زڕە ناگرین
پیاو خەسێندراون، کچان نەزۆك
سۆزانیەکانیش منداڵ دانیان دەرهێنا
ماڵئاوا
بوونەوەرە سەرمەستەکان
گوڵەکان
شەونمیان لە سەر نەنیشت..

مردوو لێرە ژمارەیان لە ئەستێرەکان پترە
ئای کە ئەستێرە لە ژمار نایەن
من منداڵ بووم
ئەستێرەم دەژمارد
ژمارەیانم لێ تێك دەچوو
من وەك تۆپەڵە گرێك هەڵدەکەم
ئاشتی چ ئاگرێکی پیرۆزە
خۆمانی لەبەر گەرم دەکەینەوە
من لە هەڵبژاردن لێم تێکچووە
تۆ بووی یان خاك، فێرتان کردم
لە منداڵیەوە کۆترێکی تارکراوم
زویر مەبە لێم
لە هەنیەی من وانووسراوە

**تۆ یان دایکم ئەی شاجوانی بەر دەرگا**

**تۆ ——— ئەمی**

**منیش ——— تۆم**

**ئەی سووتاوی بەرباران**

**جەستەم لەت کراوە**

**بەردییش شەقی برد**

**منی تێنوو**

**هێشتان لە خاك و کانی خۆم**

**تینوو و ئاوارەم**

**1995**

# پیاسەی دەمەو خۆر ئاوابوون

لە ئێوارە پیاسەیەکی ساکارو هێمندا
چاوێکی سوور داستانی لێرە خوێندرایەوە
نرکەو ناڵە ڕێ ڕێ دەڕۆیی
وەك کۆترێکی هێلانە شێواو
بە هێلانەی خۆی نەدەکەوتەوە
لەئاسمانی بەتاڵ
هەر لەشەقەی باڵی دەداو دەدایەوە
ئەم ئێوارەیە
وەك ئێوارەکانی تر ئاسایی نەبوو
ولاَت لە ناو کراسی بێ دەنگی
خپ نووستبوو
چرپەکان ئاسایی نەبوو
جولانەوە یاساغ بوون

**ئەوەی بجوولابایەوە**
**وەك تارمایی ئاشكرا دەبوو**
**لەگەڵ نزیك بوونەوە**
**هات وەك كۆلارە بە ئاسمان كەوت**
**چاوەكانی دوور دوور**
**بۆ ئەشقێكی دووری ڕووانی و**
**ئاشقانی هەموو دونیا**
**لەم ئەستێرەیە كۆبوونەوە**
**كە ئەم**
**ئەمی عاشق سەرسامی بوو..**

# بیرچوونەوە

سەردەمانێکە بەشەکەتی
لەم باهۆزەی بیرچوونەوە
دەستێ نەبوو لەم زەریایە بمانگرێ
یەکانە مەلاس دراوەکان لێناگەرێن
چاوانم لێك نێم
با باهۆزی شەهوەت رامان نە پێچێ
چیتر یاساغ نەبین و
فوێ بکەینە گوڵە سیسبووەکان
بەفرمێسکی سوێرمان
لێوی بوونەوەرە تێنوەکان تەڕکەین
گۆچانەکان فڕێدەینە زێرابەکان
باچیتر سەراوژێر هەڵنەواسرێن
لەم بیابانە تاریکستانەدا

ئەی ئاسمان
ئەی گۆڕستانی ئەستێرە
تاکەی ئێشکت لەدەورە بگرن
لانەی پەڕەسێلکەکانیش وێران بوون
کوکوختی نامۆن
چەناگەم بەرزبۆتەوە
خەریکە ئاسمان دەکەوێ و
لەکڕنۆش بردن ناکەوێ
سەیری چرای بەرماڵتان کە
رەنگی کامەمان زەردترە
رووناکی ئاوابوو
پێڵاومان لە زەلکاوی بیرچوونەوە
جێما

سەرنجی گەڵا وەریوەکانی روحم بدە
پایزە... پایزە... پایز
ئاوی چەمەکان لێلن
بەلێلییەوە جوانن.. جوان
ئای دونیای ئەفسوناوی
کۆتاییەکان چەند خۆشەویستن
مەرگی گوڵە سیسەکان دەبینم
بە پشتی زەوی هەڵدەگەرێن
ئای کە منداڵ بووم
خۆلم دەخوارد بە دیارییەوە دەنووزامەوە
بەکوشتنی بوونەوەرە سەرمەستەکان
هەورەکان
لە کێڵگەکان
دوور دەکەونەوە..

1995

# شەمشەمە كوێرەكان
# دەتوانن پەنجەرەكانمان دابخات

نزیکتر بوو روو دەنیشتین
بە دیاریانەوە بێزاردەبووین
ناچار خۆمان دەخواردەوە
منداڵ ئاسا فریودراین
درکاندمان
بەدیار چاوی قووڵ راماوی
فریشتان رووچووین
رووباری ئەودیوو چکۆڵەو ساف
هێدی هێدی بە درزی زەوی رووچوو
ئای کە بە لەززەت و چێژداربوو
لە ناخی ئێمەش هەراو هۆریای فریودان بوون
دەمان دیت چۆن پەلە هەورە پیسەکان
بە سینگی ئاسمان ئەستێرەکانیان لوول دەداو

دەبوونە تنۆکی خەفەت
ناچار بەسەر خونچەکان دادەبارین
ئەوانیش هەورە رەشەکان دایدە پۆشین
هەرچی من بووم ماندوو و شەکەت
ئەوانیش لەژێر پێیەکان شەقار شەقار
بۆنی شەهوەت بێزاری دەکردن
ناچار دەچوونە ژێربالی
درەختەکان بە پشتی چەماوەوە چرۆیان دەکرد
گوڵە گەنمەکان ئاوسان
خوناوی سەر گوڵەکان بوونەوە هەڵم
بەرەو ئاسمان چوونەوە
ڕێگاکان بێنوێژبوون!
کت و مت تراویلکە بوو

ناچار بە دوای تنۆکە خوێنەکەی لەگەڕان جیٚ مابوو
تارماییەو سەرانسەری ئێرەی تەنیوەتەوە
رووبارێکی دوورو درێژە لە دەوری خۆی دەخولێتەوە
شەقامە سوورەکان پێدەشتە رەشەکان
هەر هەموویان سەرژمێر کرد
تروسکاییێکی کز، ئەویش پێڵوەکانم داپۆشی
منداڵەکان رەنگی دۆزەخیان گرتووە
ئەمانە شتیٚ چی بکەن
چ رۆژگارێکی نادیارو نامۆ چاوەڕێمان دەکا
ئامێز لە گوڵانبدەین و بۆ کامە گوڕ ببەین
ئەی لەسەر کامە پەلکەزێرینەی خەفەت راکشێین
سەرا پای ئێرە وردبەوە
لە ناخی ئاوێنەو کەین و بەینی ئەستێرەکان

تریشقەی کامە بروسکە بوو
لا پەڕەی مێژووی لێ تێکەڵاوکردین
نازانم نا.....
سروودی هەرەس گۆرانی سەرسامیمام چڕی
کامە چرپە چرپی باران و گوڵە شاخاوییەکان
باسی شەوو ژوانی بۆ خۆی بۆ کردین
یاخی دەبم
لەهەور.. هەوریش لەباران
بارانیش زۆر دەشواتەوە
گەر مردن بە مردن نەمابا
ئەو سێوە جوانانەی ئێمە دەستمان ناگاتێ
هەروا بە ئاسمان نەدەمانەوە
عەبا ڕەشەکانی وڵاتی مەرگ

رۆژە رەشەکانی رابردووم
بە نەوای شمشاڵی کام شوان بسپێرم
رۆژانی مناڵیم بەسەرچوو
لەسەحەرەوە سەفەرو
کۆترە سەر رەشەکانی دۆزەخ
یاری بەلمی رۆخ دەریا دەکەن
دەنووك دەدەن ئاو هەڵدەقوڵێ
ماسییەکان ئاوارە دەکەن
تا بەڕووی منداڵەکان پێ بکەنن!
خەفەت لە پێ دەشتەکان دەخۆم
گوڵە پاییزەیەکان شێت دەبن
دەچنە سەر جۆخینان
سەرجۆخینان چۆڵەوارە

**لە نزیك منداڵەکان خەو دەیانباتەوە**
**منداڵەکان**
**لەنێو لە پی خۆیان بەندیان دەکەن**
**باسی کۆتاییە خۆشەکانی بۆ دەکەن**
**حەسانەوەی ئێوە تەنیا لە وێندەرە...!**
**خۆر تێربەسیەکانم هەڵدەمژم**
**بەرەو ئاسمان دەچم**
**لە سەحەرەوەش دێمەوە**
**موچڕك بە لەشم دادێ و دەبورێمەوە**
**بە دیار فریشتان دادەنیشم**
**چاوەڕێم بێن هەڵمگرن**
**لەو لانەیش**
**بەرەو ئەوێندەر**

لەوێندەر گوڵەکان ناقرتێنن
چاوەڕوانیم لەخەونەکانی کردم
لە کەنارەکان خەو دەمانباتەوەو
دەریاش را پێچی ناو هەناوی خۆمان دەکا
بووین بە ڕۆمانێکیی تەواو نەکراو..
لەئاست خوێندنەوەمان چاو بینای نامێنێ
لەدونده سەوزەکان لاولاوەکان
لەچنارەوە خاوبوونەوە
لەئاست هەورە رەشەکان
ئەشکی چاوان لێڵ بوون
بەژن زراڤ دیرۆکی
مەملەکەتی من بە شەمشەکوێرێك
سپێردراوە.....!

**1995**

# دەڤەری پیربوون

**لە گێژەنی خەیاڵی ئەم دەڤەرە کپ کەوتووم**
**دەڤەری لێڵیەتی و بیرچوونەوە**
**بیرکردنەوەش هێزی بردم**
**ئای ئەمە چ گێژەنێکی پڕ سامە**
**چاوان ئەبڵەق ماون**
**وێنەکانی ئاوێنەی تەمەن، لەبەر ئازاری نیگاکان یەکە یەکە دەتوێنەوە**
**لەبەر لەزەتی چۆڵەوانی.**
**جارێکی تر سەر بە ئاوەدانیان دا ناکەمەوە**
**شەوانی تەمەنم چیتر بە گەڕانی بن سەرینی**
**پیرە ژنان نا مەبەسەر**
**چیتر بۆنی قرێژی بن مەمکان ناکەم**
**پەنجەکانی چێژ وەرگرتن دەقرتێنم**
**سۆمای چاوان**

هەورەکان لێڵ یان کرد
(دال) یش پەلەیەتی تا خەیاڵەکانم بنکۆڵ کا
ئای لەم تەمو مژە
چ چاوەڕوانیەکی پڕ سام و پڕ ترسە
ئای لەم بێ ئومێدییە
چیتر بە ئاسمان و ئەستێرە باوەڕناکەم
خۆم بە تاوانباری جەنگێکی دۆڕاو دەزانم
مێژوو بە چاوێکی مۆن خۆی دووبارە دەکاتەوە..
ئای چەند بە پشیلەی سفرە دەکات
پیسایی خۆی بە خەیاڵەکا نمان دادە پۆشێت
لۆچی سەر قەبران باوەڕم پێ دێنن
تارمایی چوار دەوری گرتووم
خۆم بە یەکیان دادەدەم

رۆدەچم لە نێو تەمومژ
وەك هاوڕێیەکی لە مێژینە
راستیەکان لەسەر کێڵە قەبران دەنووسم
خۆ هەڵخەڵەتاندنی قەیرە کچان
دزەکردنی مەمك لەبەرۆك و
لێك ئالانی دووری ..
بەرۆك دڕاندنیان چێژ وەرگرتن بوو
لە تەرمە رووتەکان، بێ ئەوەی بیر لە ساتەکانی چێژوەرگرتن بکەنەو
دەم و چاوەکانی تێر تێر بۆن دەکەن
لێرەش شەڕو ئاشتی وان
بەرۆك و مەمکن
تەرم و مرۆڤن.. تەرم... بەڵێ تەرم
تەرمە رووتەکان دەبنە یادگاری شەوانیان

ئەو شەوانەی وئاگری شەڕ
ڕووناکی مانگی دەکوشت و تینیوویەتی زەوی دەمژی
وەرن لەم دەڤەرە بڕوانن
دەڤەری پیربوون
لەبەر ترسی هەرەس هێنان... ڕووناکی چەند قۆناغێك دوور دەکەوێتەوە
بەرلەوەی لەدایك بن گوتمان نامانەوێ
لەم دەڤەرە خۆڵەمێشیەدا بەر لەوەی
چیرۆکی پاڕانەوە و کڕنووش بردن بزانین
لە بیرمان چوو سوێندی مرۆڤ بوو نمان بخۆین
دەرەنگانێ کاتی پاییز سنگی خۆی واڵی دەکا
لەو کاتانەی مەیخانەکان بۆنی مەرگ و بیرچوونەوەی لێدەهات
تەنیا من و شمشێرێك دۆستی یەکتربووین
من تەمومژ بووم

شمشێریش بە داوە موویێك بەسەر سەری مێژووە هەڵواسرابوو
ئای ئەمە چ بێ ئۆقرەییەکە
ئەو کاتانەی لە بەژنی درەختەکان رادەمام
ئەوانیش خۆیان لە گەرماوێك دەخنکاند
سپێدان بەر لەوەی شەونم ئارەزووی گوڵەکان دامرکێنێتەوە
رۆحم خۆی بۆ سەفرە دوورو پڕ لە نهێنیەکان ئامادە دەکرد
لەبێ ئاگایی پەنجەکانم دەقرتاندو
دەبوومە هاورێیەکی بە وەفای چیلکەیەکی وشك و رزیو
نقومی رووبارەکان بووم، ئەو رووبارانەی
سەرەتایان لێرە دەست پێدەکا
کۆتاییشیان لەوێ
ئاویان لێرەو خنکانیان لەوێ
بەرلەوە بە رووی کۆتاییەکان پێکەنن

**خۆی لە کەمەری پشتم سووڕاندەوە**
**منی ڕێبواری ئەم سەدە جەنجاڵە بەر لەرۆشنایی دیتن**
**لە تەمومژی لە بیرچوونەوە هەنگاو دەنێم**
**بەرەو.. ئەو سەرتایانەی**
**لە هەموو کۆتاییەکان دەست پێدەکەن**

# مەمکەکان لەبەر باران جوان دەبن

گەوزاندنی فریشتان لەبەر باران
مووچڕیەك بە لەشی بێ نوێژیم دادێنن
دوور دوور تەماشام کرد
تەنیا وڕێنە ئاسمانم بیست
گەف دەکات بێ ئەوەی بچێتە بنەوانی
گوێچکەم کاس بوو
قەیرەیەك ئەمەی بە گوێدا چرپاندم
ئێمە نەباین، گەوزاندنی ئەوان ئاسایی دەبوو
بە دیار ئاسمانێکی گرژو مۆندا
ئەژنۆم شل بوو
سۆمای چاوی بردم
تارمایی دا پیۆشی
کێڵگەکان گوڵە گەنم بە خۆیان ناگرن

زراڤ زراڤ بوون ......
هەڵوەرین
گرمۆڵە بوونی خۆڵ.... هەڵکشان.......
بەرەو زناری هەوەس
ماسی ئاسا تێنوو چڵێسن
بەرەو کەنارەکان
خۆ موتربە کردن بە قەدی
سێلاوی شەهوەت
تێنویەتی کێڵگەکانی نەشکاند
بێدارو گوناهبار دادەچۆران
لە بیابانی سوور هەڵگەڕاو
شەیدای بەرد بووم
پە پولە باڵ بەهەشتیەکان

لە قەفەزی تەنگەبەر ئێرە
ئێرەی ــ مردن
جێگای حەوانەوەیان نەدرا
بە گوڵلە ژەنگاویەکان و
چڕنووکی تیژی داڵەکان
( ............................... )
فرێدرانە زێرابەکان
زگی برسی سەگە چڵێسەکانی ژیانیان پڕ کردەوە
هەورەکان رەش داگەڕان
لە شەقامەکانم تۆران .
لێرەی تەنگەبەر
لە کونجی ژوورەکەم تارمایی دەبینم
کوکوختی بە نامۆیی گریانیان

**سەمفۆنیایەکی چێژدارە**
**( من ) لە ژوورەکەم**
**وەك دووکەڵی جگەرەکەم بەرەو سەر دەخولێمەوە**
**تاریکایی نهێنیەکانی خواوەندی**
**بە گوێی منی کەساس چرپاندو**
**پێڵوەکانی پێ داخستم**
**لێرە کامە خونچە لە تۆغیانی خۆیدا پشکووتوە**
**کامە ئەستێرە بە درەوشاوەیی**
**لە چاوانی ئێمە ئاوا بوو**
**ئەو کیژانەی لە تۆغیانی بالق بوونا......**
**بوون بە مەزەی شەوانی( ...... )**
**چەند بەدەبەختن**
**بیر لە ساتە هەرزەییەکانیان ناکەنەوە**

به بریندارى جێیان دێڵن
لەم جەنگەڵستانە نەمانتوانى
لە دەفتەرى بیرەوەرییەکانیش
با هۆزى( .... ) ئەمیشیان لوول دا
کوکوختى ماڵئاواییان لە باڵە
سپیەکان کرد
ئەشك بۆ یادگاریەکان دەڕژن
ئاه شەوە تاریکەکان
کە گوناهى سپیمان کردو بەس
لە خاچ دراین بەبەرچاوى ئاسکەکان
کڵوە بەفر نابارنەوە
چونکە سۆزانیە تۆراوەکان
فێرە ژووانى شەوانیان کردین

**ئەی مرۆڤە ئەفسوناویەکان**
**لە رووت بوونەوەی سۆزاویە ئەبەدیەکان**
**بێزار نابم**
**کۆی هەموو کۆڤانەکان ئا لەم شەوە**
**بسوتێنم و بەدیار خۆڵەمێشەکە**
**بنوزێمەوە**
**تا ئەو کاتەی مەمکەکان لەبەرباران**
**جوانتر دەبن.**

# مردن بەیانی باش لە سەركەوتن دەكا!!

ئاسمانی شەو. ئەستێرە دوورەکان
گەلای نووستوو لە کۆشی بێ دەنگیدا
گۆزەر دەکەم بە نامۆیی
بە بێ دەنگی دەچمە بەرباران
ئازاری بیرەوەرییەکان
ئازاری کۆڵ و مرۆڤە نەسرەوتەکان
زەویش ئازاری ئەسپەشێ دەدا
لەم پایزە خەمناکەی شەڕدا
مرۆڤ گەلا ئاسا هێدی هێدی دەوەرن
تەمومژ دەمانگەڕێنێتەوە سەرەتاکان
ئاسمان خۆشەویستی ئەستێرەیە
ئاسمان سینگی بەقەد حەوشەیماڵەکەمان پانە
قەدەر بۆ وای کرد بە بچووکی بنۆڕینە پێڵاوە گەورەکان

ئاشنایشمان هەر بە بچووکی بوو بۆیە
خۆشەویستی وای کرد
سپێدان زوو بەر لەوەی تاو تاریکی تاودا
بەیانی باش لە ئەستێران لەبیر مەکەن
چەند گەورە بوو بە درەوشاوەی چووین
سۆمای چاوانی لێڵ کردین
کتومت بیابان بوو جێگەی هەمووومانی تیا دەبۆووە
سروودی شەو رامان و چەمانەوەمان دەوتەوە
شاگەشکە بووین بە ئاپۆرەی مرۆڤەکان
لە هەناوەوە تێکەڵاوی یەکتر بووین
تا لە قوڵایی ئاسمان و هەڵوەرانی زۆری مرۆڤ بکەین
بە دەوری نامۆیت مەنگیت دەشڵەقێنم
لەگەڵ خۆرەتاوی تیشك هاوێژ

**باسی شەوی دەربەدەری، دەکەینە چیرۆکێکی**
**دوورو درێژ**
**سەمای پەریان لە نێو چڕی تەمومژدا**
**کتومت مردنی مرۆڤەکانی ئێرەیە**
**ئەوانیش بە سەفەرە بێ شونەکان نامۆن**
**لێناگەڕێن شەستە باران تەڕیان کات**
**لە نێوان ئەو شەستە بارانەدا ئارەق و پلانی تەڕ**
**لێك ناکەنەوە**
**لێك ئالآن و لەنێو تارماییەکاندا ئاهی**
**ساردیان تێکەڵاوی یەکتری دەکرد....**
**ئارەزوویان بوو دەرگاکانی سروشت**
**چیا لە رووی دەشت و**
**ئاسمان لە پانتایی بێ سنوور**

باران لە تینویەتی زەوی دا بخەن
هەورەکان رامالْن
دەمان دیت سەرپۆشیان فڕێ دەداو تێر تێر
شێتانە یەکتریان رادەمووسی. لە نێو چڕی تەمومژی ئێرە
لە مەملەکەتی ئەوینی ئەوێندەر خۆیان حەشار دەدا
هاتینەوە شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون
تەرمە پیرۆزە بێ خاوەنەکان، ئالآی شکان و ریسواییان لەسەر دەشکایەوە
تەرمەکان گەنی بوون
ئەو تەرمانەی بەر لە کوشتنیان برای پشتێ بوون.
وارسی هەوەلی بوون...
مۆرانە برژانگی منداڵەکانی قرتاندبوو
پەلەیان بوو تابن خۆڵیان کەین
بۆ کرۆزی جەستەیان لە دۆڵەکانی دەروون و رووبارەکانی خەمدا

**دەچوونە خوارێ**
**قولاییەکانی سەر پڕن لە نهێنی بێ سود**
**نوێژیان لەبەر باران دەکرن**
**نوێژ بۆ مەرگ و هەقیقەت**
**دەستان لە قەدی مێژوو دەسوڕێنمەوە. مێژووی بیرکردنەوە...**
**لێلێتیشم بە پرچی ژنان رادەماڵم**
**لاباڵی کۆتران دەقرتێنم**
**بەو ژەنگیانانەی بە منداڵی بەنێو بازنی دەستم روو چوو بوون**
**دەنوکی پەرەسێلکەکانی پێ گرێ دەدەم**
**تا جارێکی تر نەتوانن سەفەر بە نێو هەورە سپیەکان بکەن**
**دەبمە پاسەوانی هەمیشەیی لانەکانیان**
**من سەرخۆشێکم لە شەوی زستانا**
**ئەستێرە ئاسا لە بەرزاییەکانی ئەندێشەدا دێمە خوارێ**

دەبمە هاوڕێی دەریا لەگەڵ دەستگیرانی شەو پێ دەکەنم
لە خەونەکانم قووڵ دەبمەوە لە نهێنیەکان دەکۆڵمەوە
شۆڕدەبمەوە ناخی وجود، ئاوڕ لەسێبەری پەرییان نادەمەوە
نەباد ئەوانیش بە ڕەشەبای شەپۆڵەکان بمسپێرن
ئێمە لە ناشتنی تەرم بێزار نابین
نەخشکاری بەردی گۆڕەکان پشوو نادەن
دەیانەوێت بە جوانترین شێوە دایان بنێن
تا لەم نەخشکارییەدا قازانجی زەمەن مسۆگەر بکەن
لەمردووان بترازێ. هیچ نەماوە ـــ هیچ
ئەم نهێنیە زۆر ئازارم دەدا بە قەد نهێنیەکانی خواوەند
بە قەد ئەو نهێنیەی مردووەکان هەموو لە ناو زەنگی مردندا،
دەیانووت.. بەیانی باش ئەی سەرکەوتن.
بەیانی باش... ئەی سپێدەی بێ شەڕ!!.

1996

# سەفەری دۆزەخ

خۆڵبارانە
چرا پەمەییەكان ماڵئاوایی دەكەن
روەو سەفەری رۆح
بە دوای خامۆشی مرۆڤە مۆمییەكاندا
نامۆیی و میهری
ئارەزووەكان خەفە دەكەن
تامەزرۆیی ئاوازە نامۆكان
فریشتەی بارانی شەهوەت دادەبارێنن...
تامەزرۆن لەزناری مەمك پشوێك بدەن
تا خەون لە نوتەكدا ببینین
خەونی سپی.. وەك رۆحی منداڵە هەڵقرچاوەكانی
بەردەم جەنگ
.... ئەو جەنگەی

**لە دڵی سپی منداڵە کۆترینەکا نماندا**
**ئاوێنەی کارەساتیان**
**هەیە.....!!!**
**ترسمان هەیە لەسەر خەون بینینیش**
**روەو دۆزەخ رەوانەت کەن**
**رادەچڵەکیم و دەگەڕێمەوە سەرەتاکان**
**دەگەڵ قەیرە کیژان چاو شارکێ دەکەم**
**دەچمە سەرەتای تۆغیانی باڵق بوون**
**ئەو سەرەتایانەی وەك بەفر وان**
**کیژانی ژووری بێ چرا**
**کیژانی مەملەکەتی هەرەس**
**لە تاریکی و لەو دیوی بێدەنگی هاتووین**
**وەرن شەرم لە گوڵەکانم مەکەن**

**لەزەت و ترس دۆستی لە مێژینەی باران و سنوورەکانن**
**خامۆشی پیاسەکانی دەمەو سوری خۆر ئاوابوون**
**ترازانی ستێرە پڕ لە نهێنیەکانە**
**ئای لەم رەنگەی ژیانی لێ دروست دەبێت و**
**ژیان دەبڕێتەوە**
**چ؟!**
**.!! رمانێکە.....!!**
**رمانی دیوارەکانی سۆزە**
**هیلاکی پێڵوەکان**
**نامۆبوون خەریکە رادەمێنن دەگەڵ ئازارەکان**
**ئەمە چ رۆژگارێکی سەیرە**
**وەرە لە نێو قولاَیی ئاسمان**
**خۆت راچلەکێنەو باسی سۆزم بۆ بکە**

باسی تێنویەتی و لەزەت
شەو ژوان و گۆرانی، راموسان و زایەند
منیش رۆحم بۆت والا دەکەم
ئەو کاتە جەستە ساردو سڕەکەشمان
گەرم.. گەرم لەبەر ئەم بارانە، دادەپۆشین
سەمای باران و لێك ئالآنی کیژۆلان
سترانی روتە نییە.. ئەو روتە نییە
لە ژاوە ژاوی سەردەم و
لە پیسی... پیسەکانی تەنکە جولە
دەمانپارێزێ
کیژان ئەمە بە فرسەت دەزانن و خۆیان غافل دەکەن
لە باوەشی سروشتی خەیاڵدا
ئەو سێوانەی بە( با ) نامۆ بوون، دەرژێنە بەر ئەم بارانە

تا لە نێو ئەم حەشامەتە لە دارزیندا دەتوێتەوە و ڕێچکە دەبەستن
ڕووەو گۆڕستانەکان تا ئەوانیش لەم خەوە خۆشە ڕاچڵەکێنن
لەودیو حەشامەت، وێنەی خۆمان دەدی دەتریشقایەوە
تەمومژیش پێڵووەکانی دادەپۆشی، نەبادە بمانسوتێنێ
تادێن جەستەکان بە گوڕتر تێك دەئاڵێن
ماسیەکان لە نێو هەناوی دەریا خۆیان گەرم دادەپۆشن
ئەوە سەرەتای مرۆڤ بوونمانە
با لەسەر پەڵکە زێڕینە ڕاکشێین
ئەو لە ئێمە مەزنترە
زایەند ناچاری کردین
خەون دەڕزێنێ، تۆ بڵێی ئەمە کۆتا نەبێ
با ئەمەش بە( با ) بسپێرین
بزانین کام دۆزەخ هەڵبژێرین

# رووەو قودسیەتی پەژیوەكانەكان

تامەزرۆی شەوان بە دزیەوە تا نوستنی ستێران
وەك سێبەری خاکی، پشتی پەیکەری کوڕ دەکردەوە
تۆ بڵێ خەفەت وەك داوی جاڵجاڵۆکە
بە دوو دانێت و دڵ نەخنکێنێ
پەیکەرە مرۆمووچەکان بە بزە دێنێ لێرە
شەوی هاوڕێ و
زریانی
دۆست و
هەتاوی ئاوارە
لێتان دوور دەکەومەوە
نەبادە زریان پێ بزانێ و دامبکوتێ
هەتاو تۆش دەستم ناتگاتێ
پەیکەرێك لە سێبەر دروست دەکەم

**خۆم و پەیکەر پێکەوە بە دیار هەتاو دۆش دادەمێنین**
**هەتاوی دەمەو ئاوابوون...**
**ئەو هەورانەی دەمەو ئاوابوونیشن**
**لەگەڵ هەتاو جووت دەبوون..**
**دەبوونە تنۆکی خەفەت دادەبارینە سەر پێدەشتەکانی رۆح**
**وەك باڵندە باڵکراوەکان بە ڕەنگی وەنەوشەییەوە**
**خۆیان دەکوتنە سەر لکێکی رۆح**
**بە لەرزەوە هەتا پشت کورپبوونەوە**
**گەڵاکانی رۆحیش وردە وردە رەنگی خۆر ئاوابوون دەگرن**
**بە حەزرەتەوە بووم لە دیار ستێران بتدوێنم**
**ئەو ستێرانەی لێرە بە رۆژیش خۆیان نمایش دەکەن**
**ئای هاوڕێ ی هەمیشەیی**
**تەنیا تەرم لەو پێدەشتە بەفرینەدا**

**وەك پارچەیەك لە هەتاو دەدرەوشێنەوە**
**لەو دەمەی را تەنیا ستێرانم دەژمارد**
**تاریکایی خۆی نمایش دەکرد**
**بو لێڵ تاوی دەدا**
**شۆستەکان هێدی هێدی هەڵمی لێل دەبوو**
**ئەو لێڵیەتیەی زەمانێك بوو لێ ی دەترساین**
**بوو بە چەترو ترس**
**ئای دونیای خەیاڵ تۆ بڵێ ی کاتی ئەو نەهاتبێ**
**باران ریژنە بدات و**
**شۆستەکان تەڕکات و مرۆڤ بشواتەوە**
**تا پەیکەری ترس وسام تورهەڵدەین**
**نەم دەزانی تا ئەو حەلە**
**گەر منیش بمزانیبایە دەستی دەناڵێنێتە رۆحم**

**چرنۆك لە رۆحم گیردەکات**
**بازنم نەدەکردە مەچەکم**
**بیرم چوبۆوە بڵێم( نەء )**
**هەڵخەڵەتام**
**بزەت بوو ئاوا وشکی کردم**
**گەرنا منیش ئێستا گوێ بیستی گرمەی ئەو هەورانە دەبووم**
**کە دادەبارێن و خاك و مرۆڤیان دەشووشتەوە.**

**6/4/1997**

# چ خراباتێکە؟!!

**ئێرەم بە با سپارد**
**ئەوینم جێهێلاو بەشەوە تاریکەکانەوە تەنیا ما**
**ئای چ ئاسودەییەکە، چ مەستیەك و ترسێکە**
**لەسەر پشتی هەور راکشاوم و خۆم لەنێو باهۆزو**
**نهێنی دۆزیەوە**
**لەرێگا کۆربووەکاندا گومان و خۆ خواردنەوە**
**نامۆیی باڵی بەسەر کێشاون**
**دیسان بێ دەنگیە لە ژاوەژاودا،**
**هەمدیسان ژاوەژاوەی بێدەنگییە..**
**لەباران و شەوەوە بەگومانەوە هاتم**
**گومان لە خود... لەو... لەهەمووان**
**گومان لە باران کە تەڕی نیە**
**لەهەتاو کە تیشکی نیە**

له بێدەنگی كه لەزەت و ترسی نییه..؟؟
نامۆیی چەترێكی مرۆمۆچه باڵی بەسەر كێشاوم
لەدووره تاوم دەداتێ
چڕنۆك لەروحم گیردەكات، شەوەزەنگم پێدەكاته رۆژی رۆناك
دەمێكه تەنیایی لەباسكی مێژوو
لەكەمەری رووداوەكان ئاڵاوە..
وەی لەم تەنیاییه؟. ناتوانم تێر لەرەشبەڵەكی
مردووەكان رامێنم؟؟
گەر دەمزانی لەئامێزی بیرچوونەوە
گەرم دەبمەوە
لەم گۆڕستانه بێ نامۆییەدا
پشوێكم دەدا..
شیعرێكم دەكرده كفن و

پەیڤێکم بۆ هەتایە بە نێوچەوان دەچەقاند
تارماییە ڕووناکەکانی هەوری خودا
شەو ژووانی خۆی لەگەڵ ڕۆحم دەکات
وەرە ئەی فریشتە، مەلەیەك بکەین
بەنێو ئەو فرمێسکانەی قەتیس ماون
لەم هاوکێشەیەدا گۆرانییەك بڵێین و
چی تیایە با دژە شەپۆلی باس کە بکەین
با لەگۆرانی گوتن بێدەنگ بین..
ئەستێرەکان لەسینگی ئاسمان خۆیان ڕاچلەکاند
بارانیش لەئاسمان دڵی ڕەنجا
تازە پەشیمانی دادی باران نادات
چونکە دڵی گوڵە گەنمەکانی لێڕەنجا
ئای پەشیمانی چەندە پیرۆزی!

لەگەڵ کابوسی شەو تا بەیانی لێو بەهەنیەی بەردەوە دەنێم
دەرگاکانیش والا دەکەم...
لەنیشتمانی نوقمی خوێن، لەنێو ئاوێنەی
ئاسمان وێنەی فەرامۆشکراوی خۆم بینی...
چما لەماڵی بێ دەرگاو دیوار... لەفانۆسی چەکی دزان,
لەنانی بێ سنوور
چما دەرگایان داخەم..
دزان.. شەو گەڕان لە کونی کلیلەوە وەژوور دەکەون
لە هەموو شتێك نامۆی
تەنیاو تەنیا دزانن.. بێ پەروا
کلیلی هەموو دەرگاکانی ئاسوودەیی دەکەنەوە
ئەو وێنەیەی لەخۆم نەدەچوو
سەرەو ژێر بەلاچکەکی مانگەوە هەڵمواسی

بەلایەكی سۆزیش گەرم... گەرم داپۆشی
ئاخ لەو ئاسمانەش، لەتاو لرمە لرمی سروشت و جەنگ
ئۆقرە ناگرم... ئێرە چ وێرانەیەكە!
بۆمبێكی تەوقیت كراو...
لەم نیشتمانە بچوكەدا
بۆمبێك كە لە گۆشت و خوێن دروست كراوە
هەمیشە چاوەروانی تەقینەوەی لێدەكەم
ئای خۆشەویستی! لەهیچ شتێك ناكەی
نە لەخۆم... نە لەئەو
سەرابی تامەزرۆیی و ماسی ئاسای
سەرابی تەرمی چاوەڕوانكەرانی
نە دەگیرێیت و..! نە دێیت..!
ئای ئەمە چ قەدەرێكە!

**دەمامکەکان هەڵدەنەوە**
**ڤە تماغەی زامەکان تەڕبوونەوە**
**ببینن.. بیابان رووبار تاو دەدات**
**بەفریش شاخ لەگەڵ خۆی را پێچی دەریا دەکات**
**رامێنن.. پایز وەرزەکان هەڵدەلوشێ**
**سەر هەڵبرن وەرزی بیرچوونەوەو ترسە**
**وەرزی نهێنیەکان و خەون و سوتانە**
**دار، بەرد، دەبن بەخوڵەمێش**
**ئای ئێرە چ لەبیرچوونێکە...!!**
**مرۆڤ دەبن بە بەرد.. چونکە بەرد لەجێی خۆی سەنگینە.**
**داخ لەم وەچەرخانە!**
**خۆمان گۆڕ هەڵدەکەنین و ئەم دەڤەرە بکەین بە بەردستان**
**دوورنیە.. بەرد بێتە گۆ**

**داربێنە جوولە..**
**وەرزەکان پاشاوپاش وەچەرخێن..**
**بەڵام مرۆڤی وشك.. لێرە ناجوولێن**
**ئاخ لەم وێنە سەراوژێرانە..**
**چ خەراباتێکە...**

# بەهەڵم بوون

لەهەنیەی ئەم زێدە لەدایکبوونەدا
ڕەنگە گەرمەکان نمایش کران
منداڵ بەدیلی مردن سروودیان دەگوت
ئەوانیش نەرم نەرم بە دڵ نەرمی خۆیان دوورکەوتنەوە
من ڕەتدەبم
تەمیش بەیانیان و ئێوارانی گرتووم
لەوێش لەبەیانیان و ئێواران بانگی بیرچوونەوە دەدەن
بەسروودی منداڵەکان باوەڕمان نەهێنا
تەم جوانی خنکاند
درەختەکانیش دۆستایەتی گوناهیان پێ خۆشبوو
لە پیاسەکانی بەیانیان و ئێوارانی دەکرد
بیرکردنەوەشم گفتوگۆی گەرم بوو
ژووری منداڵەکانی ئاوەدانکردەوە

**ژووری منیش**
**پنجە گیاكان خوناویان لێ دەنیشت و**
**درەختەكان جوان دەبوون**
**منیش دەبومە دڵۆپێك لە خوناو و دواتریش هەڵم**
**شەپۆلەكان خاوبونەوە**
**نەیان توانی ماسیەكان بترسێنن**
**سەر بەرەو خوار لەچاوانی هەمیشە راماوی مندا نقووم دەبن**
**هیچ بەفریام نەهات هیچ**
**تەنیا پەنجە درێژو گۆشتنەكانی ئافرەت**
**سەری گەرم دەكردمەوەو ئارام گۆرانی پێ گوتم**
**چەترێك لەتەم دروست دەكەم و دەچمە پیاسە**
**دەچمە ناو ئەو ئاهەنگەی دەمگەیەنێ**
**بە دڵۆپە گەرمەكانی نێو سەری خۆم.**

**كۆتایی 1996**

# نامۆبوون

ئەوتانیٚ کوکوختیەکان هێشتا بەم کاڤارە ئاشنا نەبوونە
ئەم کاڤارەی بەر لە بێدەنگی سنووری هەڵدەتەکاند
سەردەمانێك بوو گمەگمیان پیتەکانی کتێبە پیرۆزەکانی
شرۆڤە دەکردو لەو دیو بێدەنگی، مەنگیی دەشڵەقاند
هەر ئەوەش بوو وایکرد پەنجە هیلاکەکانم
شۆڕکەمەوەو بە نامۆیی لە فەلسەفەکان بنۆرم
فەلسەفەی ژیان و خۆشەویستی و مردن
خۆم بە شەو سپاردو لە نێو تەمومژا نقوم بووم
دەگەڵ ئەستێرەکانی پشت هەور بوومە دۆست
ئەو هەورانەی پتر رووی ئاسمانیان ناشرین دەکردو
گرژی و مۆنی دایدەگرتم
تا چنارە گەش هەڵچووەکان سوور هەڵگەڕێن
نە بارانی تەڕو نە خاکی وشك نەیانتوانی

تینوویەتی ئەشق و وشکایەتی بەندەری فرمێسکم ببڕن
تروسکاییم لە نێو بێدەنگی توایەوە
رژامە قووڵایی دۆڵەکان تا بێدەنگی لە بیرکەم
لە نامۆ بوون زیاتر هیچ لەزەتێکی تر بەدی ناکەم
نامۆیی کابوسێکە قوڕگی گرتووم
بەر لە بێدەنگی دەمزانی باس لە خۆشەویستی هەور بکەم
عەشقی گەڵا پاییزەکان ببووم و دەمدی بە برۆکان
وە دەنووسان
ئەشك بە لۆچان وشك بوونەوە
خەویش یاری بە پێڵوەکانم دەکات
ژیان لە جەستە دەوەرێت و
مرۆڤ لە وڵات و
فکر لە هەمووان

پەنجەکانیشم گەڵاکانیان قانگداو
درەختەکانی سیس کردن
گەر شەیتان یاخی نەبووایە
ئێستا ئەو هەموو کۆرپە شەیتانانە
چیْ نەدەبوون
پەنجە لەرزۆکەکان بە ریشە چڵکن و تۆپەڵ بووەکەم دادێنم
کەمێکیتر بە دیار پێکە خەستکە دادەمێنم
ئەوە سەرەتای بە ئاگا بوونمە
سەرتای چوونە نێو تەمومژو راچەنینە
کەمێك پشو دەدەم تا مووە گرژەکان بحەسێنەوە
چونکە لەم جەستە سڕبووەدا
موو لە لەش نامۆ دەبێت
چۆن ئەشق لە خۆشەویستان

**دڵ لە خوێن ناتۆرێن**
**ئێستا لەوێن وەکو جاران**
**کزکز دەپارێنەوە**
**کڕنۆش بۆ کۆرپە شەیتانەکان دەبەن**
**ئەو شەیتانەی بەر لە سپێدە، خەو**
**دەزڕێنن و شەرمەزارمان دەکەن...**
**چنارە روو تەنیەکان لە ترسی زریان سوور هەڵگەڕان**
**گەورە بوونم نەدی لە بەدبەختی**
**کەچی منداڵیم ونکرد**
**دێینە مێرگان گریان لە نێو تەمومژا خنکا**
**پشتی بەفر بە لموزی تفەنگەکان داغبوون**
**لەبەر سێبەری بەفر باسی سبەینێ راڕایی و**
**سبەینێ دڵنیاییش بزر...!!**

ئاخ کە ناتوانم چیرۆکەکە تەواو بکەم
چیرۆکی مرۆڤ... چیرۆکی
رکابەری و لە ئەرزدانی یەکتری
تەماشاکردنی ئاسمانیش هیلاکی کردم
ڕێگا... ونبوون
وەرە هەی غەریب
غەریبتر لە کوکوختیەکانی ئەم مەملەکەتە
تاریکە قووڵەکانی چۆڵەوانی، تروسکایەی ونکرد...
ئاه... ئۆخەی ئەمە چ لەززەتێکە بەفر دەبارێ
خۆشەویستی دەبارێ
وڵات بە غاردان دێت و باوەشان گەرم گەرم
بە یەکەوە دەنووسێن...
تك تك داچۆرانی خۆشەویستی بەسەر کوڵمە خەنەییەکان

**بێدەنگی و کپبوون لەم کاڤارە داکشا**
**دوو تنۆکی گەرم گەرم گەرم بە قەد گەرمی جەستە**
**لە خۆرئاوابوون دارژان**
**کۆترەکانیش لە نێو هەردوو تفەنگدا**
**خەریکە دەگمێنن.**

# گەنم رەنگێکی بەخشندە

شەوانە ئەو دەمانەی ئەستێران
بە گەشی لە تارمایی ئەم رۆژگارەیان دەنۆڕی
تۆ لە خوناو روونتر بووی
سپێدان رەنگی پە پولەو ئێوارانیش رەنگی سووری
خۆرئاوابوون
گەلێ جاریش تیژ تیژ دادەرژای
منی منداڵت دەتاساندو
وەك پشیلۆکەی پاییزان لە نێو لە پی خۆتدا
بەندت دەکردم
( با ) یەك دەمهێنێ و دەمبا
قەیرەیەك لە باوەشانم وەردێنێ
دڵۆپێکیش لە بارانی عیشق
لەو عیشقە خوداییەی بە منداڵی دەرژایە سەر گەڵاکانی رۆح

هەر لەوێڕا فرچکم پێوە گرتبوو
( ئەوددەمان ) لە باوەشی گەرمی روشت
وەك گەلای پاییزان
سەمای مەرگ و سەمای عیشق و
سەمای شێتانەو سەمای نەمان و ژیانەوە
سەما... سەما... سەما
( با ) یەك دەمهێنێ و دەمبا
خوناو لە خشتەم دەبا
سپێدە جوانیم پێ ببەخشە جوانی
تا گەلاکان لە نووتەك بە جوانی بنەخشێنین و
چناره بەژن زراڤەکەی ئەوێندەریش
بە کوکوختیەکان بسپێرین
تا قەیرە کیژان

سەما بکەن سەما
لە سەما بترازێ چیدی نیە چ
من بە گریەی کوکوختی و سۆزی چیاو مەرگی
گوڵ رابووم
تا پێکڤە باس لە ئەوینی عیشقی ئەوێندەرو
لە سێبەری وەهمی ئێرەش
ئێرەی جودایی و لێکدابڕان
کە لە خەرەندێك نەبێ
لە هیچ شتێ نەدەچوو هیچ
جگە لە تامەزرۆی و هەڵمژینی مرۆڤ
دەنا چمان هەبوو چ
جگە لە شەڕ
ئەو دەمانێ لە خۆشەویستی بترازێ

چیدی نەبوو.. چ
جگە لە یادگارییەکان و
ڕۆیینی شەوانی تەنیایی و
ڕوانینی شێتانە بۆ زەمەن
کە کونجێکمان شك نەدەبرد
بەمن چی لەم پانتاییە بێ سنوورە
لە کوکوختیەکانی ئەم دەڤەرە بترازێ
کەسێ نیە ئەم سەدە ڕەشەی ڕابورد
لەسەر ڕۆحی سپی بنەخشێنێت
وەرە باڵا زراڤەکەی من
ئەم دەڤەرە بە شمشاڵی شوانێکی
سپی پۆشی چیایی بسپێرین و
نهێنیەکانی تەمەنیش بە ئەمانەتەوە

تەسلیم بە رۆحی سپی پەپولە بکەین
( با ) یەك سەرشێتانە دەمبا
من و مەملەکەتم پێکرا
لە شەوی ئەنگوستە چاو بە کشوماتی
سەرلەنوو چاو لە ئەستێران دەبڕین و
نهێنیەکان پێکەوە دەدرکێنین
کوکوختیەکان
گمەگمیان وەك نهێنیەکانی نێو سەری منن
پڕن لە خەون و عیشق و تەنیایی
تەنیایی دامدەپۆشێ و خەریکە دەمخنکێنێ
رێگاکانیش رەنگی جاران نادەن
ئەو دەمان بە پەپولەوە جوان بوون جوان
پنجە گیاکانیش بە خوناویان

جگە لە ناسکی گوڵ و هێمنیی باران
ئەی جوانی سروشتی خوا
جگە لە تۆ کەسی دیم نییە کەس
گەلێ جاران رەنگی ترێ دەدەی
گەرەکمە جوانیی رەنگەکەت بکەم بەشەراب
گەلێ جارانیش لە رۆژگاری جەنجاڵی رابورد
گەنم رەنگ بووی... گەرەکم بوو
لە باوەشی گەرمی ئەو دەمان بتهاڕم
تا چاوی برسی پێ پڕکەمەوە
لە تۆ بترازێ ئەی عیشقە سپییەکە
کەسی دیم نەبو کەس
بە قەد خوناوی سەر گوڵە گەنم
خۆشمدەویستی و

**رەنگی سپی و عەشقی سپیم**
**لەم دەڤەرە دەنەخشاند**
**( با ) یەك دەمهێنێ و دەمبا**
**نە ناسكیی گوڵ و نە تەڕیی باران و**
**نە سپیەتی دڵەكەی من**
**ئەم تاڵە مووە بەربینابیم دەگرێ**
**هێی گەنم رەنگ بگرژنە**
**جوانی بەو كەونە ببەخشە جوانی ئەی بەخشندە..**

**2001/1/1**

# گەمەکانی ترس و یاخیبوون

ئاهێکی سپی، سپیتر لە باڵی کۆتر
بێدەنگتر لە مانگە شەو
تەنیاتر لە من
تەڕتر لە ئافرەت
نەرمتر لە نمە نمی باران
باڵا سنەوبەرەکانی بێدەنگی
ئێرە مەملەکەتی گوناهە
مەملەکەتێکی لێوان لێوی ئاهی ساردو
لێك دابڕانە
لەم بەستەڵەکە سڕبووەدا
لەوێ لە بیابانە گەرمەکاندا
هەنگاوی قورس... قورستر لە خنکان
گرمە گرمی هەورو لێك ئالانی دووری

ئاشنایەتی کۆڤان و هەوەسبازی پەرییان
ئەوانیش بە دەرنەبوون لە عیشق و زایەند
دوور کەوتنەوە بوو لە ئێمە
دەمدیتن تێکەڵ دەبوون
لەسەر هەور لێی پاڵ کەوتن
کۆترەکانیشیان بە بەرچاوی ئێمە سەردەبڕی
بیرکردنەوە... بێدەنگی... دامان
ڕۆچوون بە نێو مەملەکەتێکی گەنی
لەم دەڤەرە بالا نوستوەکانی تێك ئالان
پێکەنینە هەڵخەڵەتێنەکان
بەختمان لە فنجانەی بەدبەختی گرتەوە
لە بیانۆ هێنانەوەی دوێنێ
لە دوا ساتەکانی مەرگ

گەمە سەرەوژێرەکانی ئاو
لەززەتی چۆلەوانی...
یاخیبوون و هەور و حەشاردانی ئەستێرەو
نهێنیەکانی ژیان و مردن...؟؟
گومانەکان دیمەنەکان دادەپۆشن
باوەشێنی رۆحم کە... ئەی دۆزەخی ناخم
ئای بێدەنگی گەر ئەشکەکانم بێدەنگتر نەبن
لە تۆ
من دەسووتێم و بەرگەی دۆزەخ ناگرم
نە سەمای شێتانەی پەرییان و
نە گەشانەوەی ئاگری دۆزەخی ناخ
وەرە بە هەناسەی سارد شنەبای رۆحم کە
ئاسمانە سنەوبەرە بالآ زراڤەکەی من

تەنیاییم بەرگەی ململانێ ناگرێ
کڕنۆشم بۆ تاتە لووسەکانی ئاسمان برد
تا لە باوەشی گەرمی خۆی باوەڕم پێبێنێ و
ساتێك لە ئامێزی باران خۆم بشۆمەوە
خەتای لوتکەکانە رۆشنا بەخۆ ناگرن
یا گۆڕستانی دەروونی تۆ بەخشندەیی تیا نەماوە
جەستەم پێش بوون کوژراوە
ئێستا رۆحم جەستەی پیری دۆڕانە
تەرمێکە لێی پاڵ کەوتووە
باڵندە هەڵکوڕماوەکان
خەجاڵەت ئەی ژین
حەیفی بۆ گڕە ساردەکەی بەر لە داباریـن
زەوەی بکەینەوە بە ئارامگاو

**لە چاوەڕوانی وەرزی مردن بتوێینەوە**
**کام لەم ترسانە... ترسە سپیەکان بە سامتر بوون**
**یان بزەی رەشی منداڵان قورستر بوون لە مەرگ**
**شەو کتێبێکی نەنووسراوە**
**شەو ئەی دەریای بێدەنگی**
**ئەی گەمەی منداڵانە**
**ئەی گەمەی ترس و یاخیبون**
**دەمێکە لە شەو دەترسێن نەباد قووتمان دا**
**شەو کچانی هەڵخەڵەتاندو سپێدەی بزرکردن**
**نەیهێشت بە خۆمان ئاشنا بین و دوێنێمان**
**بخوێنینەوە**
**نەمانزانی پەری ئاسا سەما بکەین و**
**تێك ئاڵێین و ئەم مەملەکەتە بوروژێنین**

**بیابان بکەین بە حەشارگەمان**
**راموسانی شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریا**
**ترس و مردنی لە ناخماندا چێکرد**
**هێدی هێدی کزەبایەکی ساردیش**
**پنکە هەورەکانی ئاسمانی رادەماڵی**
**لێرەش پتر دەبوون ناڵەو گریان**
**نزاو پارانەوە زێتر**
**ئەویش دەگەڵ پەرییان**
**لە بێدەنگی شەو راموسان و زایەند نەدەکەوت**
**تارمایی رەشیش**
**وەک مێژوومان دووبارە دەبۆوەو**
**باڵی بەسەر دەکێشاین**
**باهۆز لوولی دەداین و دوورتر دەیبردینەوە**

**گوێ لە گۆرانی دەگرم بیری دوێنێ دەکەم**
**ئەشك بۆ سپێدە دەڕێژم**
**جگەرە دادەگیرسێنم و هەناسە رادەگرم**
**بۆ ساتێك لەم هەوارە دادەبڕێم**
**شمشێرێك دەركشا**
**رەوە كۆترێك فڕین**
**سیسارك لە ئاسمانی ساف دەسووڕانەوە**
**تەرمێك راكشابوو**
**گوڵێكی سوور تۆزێك لەولاتر رووابوو**
**هاوارێك رایچڵەكاندین**
**بە نزایێ بووراینەوە... شینگێرێك بردینییەوە ئەو سەرەتایانەی**
**زیاتر لە بیركردنەوە نقوم دەبووین**
**ئەوانیش رەشپۆشتر لە جاران**

ئەژنۆیان لە باوەش دەگرت و
ئەشك گۆنای دەشووشتنەوە
تنۆك تنۆك باوەشی گەرمی
شینگێڕیٚ ڕێچکەیان دەبەست و خاو دەبوونەوە
ئا ئەوەتا جارێکیتر هەورەکان بوونە تۆپەڵێك گڕ
دیسان بەزمی فریشتانە
سێو خواردنی ئادەمیانە
بەزم و ڕەزمی زایەندو ڕامۆسانە
هەورە تریشقەی ڕقی خواوەندە
بەسەر ئێمە دادەبارێ
شەڕە شەر
شەڕی لەززەت و دۆڕانە
سەلماندی وەفاداریمانە

منی شەڕانیی ئەمڕۆ دۆڕانی سبەی
منی دۆڕاو دۆڕاوی ئەودیوی پەردەکانیش
دەبینم
منی فێرە شەڕەکان ئای لە شەر
مەمکانی پڕ شیر... شیری خیانەتکارانە
مەمکی لە گۆ چوو
فریودان و ترس
ترس لە خۆم... لەتۆ... لەوان... کرمی ناخ
ئەفسوس سەروژێر دەبینەوە
تێهەڵدەچینەوە
هەڵدەزێنین رووەو ئەو زنارانەی بەرەو
هەڵدێرترمان دەبەن
خومان پێوە گرتووە... خویەکی منداڵانە

پارانەوە بۆ بەرد کە نایەتە گۆ...!!
تاڵەمووی راکشاوی سەر لۆچی رووخسار
ئەژنۆم لە باوەش بەند کرد
توڕیان هەڵدامە نێو بازنەکانی گومانەوە
ئارەزووی گەڕانەوەش ناکەم
دەنا هێشتا تیژڕەوترین گەڕیدەی دوای
حەقیقەتم
چاوان خوێنیان تێزا
دڵ خورپەی لێهەستا
سۆماش لێڵ تر بوون
گریانمان چێژ وەرگرتن بوو
گومانمان لە پاکی ئاو کرد
باوەڕمان بە دڵ رەشی ماسی کرد

له خوێندەنەوەی دەریا نەبوینەوە
کەنارەکانما هێنایە دوان
هەورەکان دەتریشقێنەوە
دادەبارینە سەر پێدەشتەکانی رۆحم
گۆچانەکەم بە دەست دەگرمەوە
دەچمەوە سەرەتای ئەو دەمانەی
بە بچووکی دەمانئنواڕییە ئەم کاڤارە سووتاوە
بیری دوێنێی ئاسمانی بێ ئەستێرەو
هەوری نەزۆك و چککردنی باران
بەلاّم کێڵگەکان زیاتر
گوڵە گەنمیان بە خۆوە دەگرت
ئێوارەباش پە پولە باڵ بەهەشتیەکان
کوکوختیە گرینۆکەکان

**بالاّ زراڤەكەی من**
**ئێوارەت باش**
**بنوو لێی پالّ كەوە**
**ئیدی پێلوەكان جوولە ناكەن**
**سۆما لێلّ نابن**
**لێی پالّ كەوە خەوخۆش.**

**1997**

# ئێوارە بوو هەنگاوەکانی خنکاند

لە کەنارەکانی دەریا تەنیاو تەنیا
بەتەنیایی لەم دەڤەرەی نێویان
نابوو دەڤەری شەڕ
بەتەنیا دەڤەری کێبرکێ و یەکتر لە ئەرزدان
ماتەمم دەگێڕا
تۆش بە پە نجە گوشتنەکانت
بیرەوەریەکانت ڕەشدەکردنەوە
دەمنۆڕییە هەورەکان و
سەفەریش لولی دەدام
بۆ کوێ؟ خۆشم نازانم نا
خەیاڵ بزرم دەکات
ڕوودەچمە نێو قولایی نهێنیەکان.
بەتێڕوانینی گەرمی چاوانت

هەورەکان تا دەهاتن گەرمە گەرم
دەبوون
ڕێژنە بارانیان دادەباراندو
سەرلەنوو زەویان دادەشۆرا
بەفریش لەم سەر
هێدی هێدی غلۆر دەبوونەوە.
گوێ دەگرم لە سەمفۆنیای بەیانیانی
کوکوختیان
بەزەییم بەتۆ بەخۆم بەهەمووان
بەشەقەی باڵی کۆترە نەسرەوتەکان
دادێتەوە
دەنۆڕمە سووری خۆرئاوابوون
لەنێو ژاوەژاوەی کێبڕکێدا

بێدەنگی لوولمدەدا روو لەئاسمان دەکەینەوە
ئاسمان وێنەمان تەڵخ و
بارانیش بێ بەزەیی تولەڕێیان دەگۆڕێ
لەم مەملەکەتە شەقار شەقار بووەدا
بەرگەی رامان و خۆخواردنەوە ناگرین
چرکە ساتە بێ ئابڕووەکانی بەری دیتنی مانگ و
دەستە چورچ و لۆچەکانی هاورێم
لە ریشە گرژو قژە تێك ئالاوەکانی دوێنێ دادێنم
ئێوەو کۆچم پێکڤە خۆشدەوێن
ئێوە بەرائەتتان لێدەتکا
بەری ببنە یادگاری تەنیایی شەوانم
کانیاوەکانیش دەتەقینەوە
رێگاکانیان دەگۆڕی

تەمومژیش ئەستێرەکانیان دەشاردەوەو
ناخی کێڵگە تینووەکانی تەڕدەکردو
لە دامێنی زەویان دانا
ئاسمانی پڕ لەنهێنی سنووری بیرەوەرییەکانی تێکدام
ئاخ سەفەری مێژوو ئەوە چ نامۆبوونێکە
بەخۆ... بەناخ... بەئەز... هەربەخۆ
شەکەتیم بە سەفەرەکانیش نەحەسایەوە
رووبارەکان لەم دووڕیانە ترازان
مەرگی گەلاَکان و تێنوێتی زەوی
وەك خۆیان مانەوە
بەدوای شوێنە نادیارەکان دەگەڕێم
بەدەم رێگاوە چیلکەداران لە تۆزی
کەڵەکەبووی مێژوو وەردەدەم

لەخۆم دەگەڕێم، لەم خۆیەی کە هەموومانین
لەشەوی تەمومژو تەنیایی
ئێوارەبوو هەنگاوەکانی خنکاندم
سپێدەبوو گوڵەکانی سڕکردم
گرمۆڵەبووم یادگاریەکان وەك خۆیان هاتنەوە یاد
نێو قەرسیلان بوو هەوەڵێن گەوزاندنی کیژانی فێرکردم
گەوزاندنیشم نەدەزانی تەزوو بەلەشم دادەهات
بوورانەوەو خەوزڕانیش لە سپێدە بوو
خەونەکانم شێلدرانە ژێر پێ و
رووبارەکان هەر برسی مانەوە
منیش هەر شەکەت، هێدی هێدی
لەبەرخۆمەوە دەمگماندو
ئۆف لەم بێ هودەییە
وێنەی خۆمم لەکەنارەکان
رەشدەکردەوە

# ئێوارە گەرمەکان

( با ) دڵەڕاوکێ بزرکەین
بچینەوە تۆغیانی لاوێتی و
لە راڤەی نهێنییەکان شەکەت نەبین
هەوەڵێن خوێندنەوەی جوانییەکان و
سەرەتای سەرتاتێکی منداڵیمان لێرە دەست پێکرد
کۆڵانەکانیش بوونە بیرەوەری و دەگەڵ ( با ) کۆچیان کرد
نەمانتوانی لەنێو گوڵە سوورەکان
رەتبین و لە قرتاندنیان دوورە گردنشین بووەستین
سەمایەکی رۆژهەڵاتیانە بکەین و
گوناهی سپیشمان بە دەریا بسپێرین
گۆرانی بۆ ( با ) بڵێین و
( ملی ) رۆخ دەریاش بە سەمای شێتانەی عیشق بشێلین
( با ) چیدی خۆمان نەدەینە دەست قەدەر

پرۆڤەی گەمە یاساغەکان و جوانیە سڵکەرەوەکان و
گوناهە سپییەکان لەنێو دڵە شوشوییە کریستاڵییەکان
بەند نەکەین و خۆمان فێرە مەلەی نێو ئاوە لێڵەکان و
راکشانی سەر بەفر کەین بەفر
هزرکەین و ترس دامان نەگرێت لە کۆتاییەکان
پێکەنینی ئاسانم لە دەریا بینی
لە بەردبارانی شەیتان نەبووینەوە
فێرە بەردبارانی دەریاشیان کردین
بەردبارانکردنی شەیتان و دەریاش
جۆرێکە لە لەززەت
هەوەڵێن کەرەت بوو رایچڵەکاندم
چەمانەوەو پەژیوانی دادی نەداین
گەر نا لەسەر پشت رانەدەکشاین

تا ئەو حەلە بێ ئومێد نەدەبووین
قامك لە كلاوەكەم دەگرم فریای خەیاڵەكانم ناكەوم
رۆح لە جەستەو تەرم لە گۆڕ خۆڕادەچڵەكێنن
خاڵە زەرد هەڵگەڕاوەكانی پشتی كۆترە سپییەكان
كتومت لەدڵی منداڵا نمان دەكەن
بێ ئەوەی هەڵەكانی رابردووم بشارمەوە
لە چاوەڕوانی دەتۆرێم
سبەینە بە لا دیوارێك هەڵدەواسم و
ئەژنۆم لە باوەش بەند دەكەم
كە ( با ) بێدەنگ بوو
پەنجە لە قژم دەگرم
لێناگەڕێم باران تەڕی كا
بە ئەسپایی خۆم وەشارد

کەچی لێرە راڤەکردن و بیرکردنەوە چ مەترسییەکە
با جەستێنی رۆحە
لە راڤەکردنی خەونەکان نەبوومەوە
گرمۆڵە بووم و دەوروبەرم بە دووکەڵی جگەرەی نێو
پەنجەکانم قانگدا
دەگەڵ تەنیایی شەو جووت بووم
دەبێ چی هەبێ لە تەنیایی شەو خۆشەویستتر
گەر تەنیایی تۆ لێمەگەڕێ
دەتوانم لە نهێنییەکانی شەو تێبگەم
شەو دوورگەیەکە پڕە لە نهێنی و لەززەت
بە رێچکە سوورەکانی دوێنێ
بە بارانی ئەوێ رۆژێ
قەستمە رێگای دوێنێ بنەخشێنم

دوێنێ هەوەڵێن چاوشارکێی
منداڵیم لێرە دەست پێکرد
ئیمڕۆش لێرە لەنێو تەمومژا حەقیقەت دەخنکێنم
چەندە گوناهبوون
لێرە دا پۆشینی بەرۆکان فێربوون
ئێستاش لە تەنیایی شەو بێدەنگترن
جێ دەستم هێشتا لە قامکان دیارە
سەردەمانێکە لە چاوەڕوانی دڵۆپێك لە بارانم
تا گوڵەکان تەڕکات و بۆ داوجار ماڵئاویی
لەم مەملەکەتە پڕ لە نهێنییەکەم
سەردەمانێکە لە حەوشەی ماڵەکەم دەخولێمەوە
لە ئاسمان رادەمێنم تەنیاو تەنیا وێنەی خۆم نابینم
فریشتان دەبینم فریشتە

**وەرن لە باوەشانم وەرێنن**
**تا لەسەر کوڵمە خەنەییەکان بیرەوەرییەکان**
**بنەخشێنم و بۆ ئێوارە گەرمەکان بگەڕێمەوە.**

# ئاوێنەکان

جاڵجاڵۆکە چەترێکی لەسەر رۆحم هەڵداو پێدەشتەکانی
بیرچوونەوەی نیشاندام
دۆش دامانم بەدیار نهێنییەکان
دوێنێی.. ئا دوێنێی لێ شاردمەوە
ئاشنا نەبووم بە سەمفۆنیای پڕ لە گریەی کوکوختییەکان
گەر نا گوێی درەختەکانم کاس دەکرد
من لە خەراباتەوە هاتووم
لە مەملەکەتی پڕ لە بەرائەت و پڕ لە ئەستێرە
گڕداگەڕانی هەورو چڵێسی زەوی
بەدەرنەبوون لە گوناهەکانی ئێرە
من لە کۆتاییەکانەوە هاتم تا بە سەرەتاکان بڵێم
شەو نوێژان دادەبەستمەوە
تا بە ئەستێرەکان بڵێم چاو گرینۆکەکان بە حەسرەتەوەن

به سێبەریشم دەوت
بووەستەو کۆشت بگرەوە بۆ باران
بارانیش لە درەخت و پەلکە زێڕینەی دەپرسییەوە
کام کات ئاسمان بۆمان بواریەوە
سێبەریش دەیوت پەلە مەکە من و پەلکە زێڕینە
پێکەوە دوای تۆ بەیانی باشمان لە کۆتاییەکان کرد
بێدەنگ بوون تا توانەوە
توانەوەش جیای کردمەوە لە ژوورەکەم
ئەم ژوورەی منی بە مژینی مەمك و باران ئاشناکرد
سەبووریم بەجگەرە دانەگیرساوەکەی نێو پەنجەم
بەتەنیایی ژوورەکەم
بەو کۆترانەی تیرباران دەکرێن کە کۆیان دەکەمەوە
ئاوێنە چاوی لێم نانوقێنێ

**برژانگم پشوو دەدات**
**گەر تاڵەمووی بەر بینابیم لێگەڕێ**
**بە سەفەرەکان ئاشنا دەبم**
**نە سوورایی خۆرو نە پاکی باران نەیانتوانی**
**پیاسەکان رابێنن**
**کزە باکان بەر لەوەی لە گوڵەکان بدەن خنکێنران**
**مەمکەکانیش تامەزرۆی لێویان نەدیت**
**کەنارەکانی ترس و جارانی شەو**
**کۆترەکان بلۆغی نەبوون**
**فێرە چاوبازییان کردن**
**نەیاندەزانی گمەگم بکەن**
**فێرە تووک راکێشانی سەری مێژوو بوون**
**ئەوان نەبان**

بەفرەكان بە مانەوەیان سوور نەدەبوون
لە سووردا گەڕانی بەفر كۆترەكان
فێرە فڕێدانی بەرگی سپی نەدەبوون
لەم بەسەتەڵەكە گەرم دانەدەهاتن
ئەم نهێنییە سەرسامی كردووم
بەر لەباران تەنیا بەفرو كۆترەكانم دەناسی
فریشتەكانیش ماسییەكانیان دەگەوزاندو
شە پۆلەكانی تووڕەتر دەكرد
منیش دوا نوێژم بۆ ئێوارە كردو خۆم راهێنا
لەم مەملەكەتە سام گرتووەدا
ئاشناییم بە ئەشك و سوورایی سۆما
پە نجەرەكەم رەش داگەڕاوە
زەنگی كڵێسەكان ئاگام ناكەنەوە

ژنەکانیش وتیان ئاوێنەکان بشکێنن
نەبادا جارێکی دی فێرە شەوژووا نمان بکەنەوە
لەودیو پەردەی ژوورەکان وەژوور کەوتن
شە پۆلە سەرپێچیکەرەکانی دۆڕان
لانەیان بە باڵندەکان تار کردو ناچاریان کردن
قاچەکانیان لەبن کەوشیان بنێن
ئێرەیان جێهێڵاو ئازارەکانیان بوونە ملوانکەیەك
لە ملی ئێوارەیان کرد
تەرمێکم کونجێك نییە لێی بنێژرێم
لە جەنگەوە هاتووم و لە جەنگەوەش فریودرام
لەودیو سووری خۆرئاوابوون
تروسکایی دوێنێم بە هێواشی دەسووتاو
لەم چۆڵەوانی سووتانەدا
رێژنە بارانێکی گەرم دایدەمرکاندەوە

# سپێدەی بێ شەڕ

باران چکی نەکردبوو
تنۆك تنۆك
قەترانی دادەبارینە سەر گوڵەکانی رووانین
هێور هێوریش
بە کشوماتی گرمۆڵە دەبوون
تا هەوەس و لەبیرکردن دا پۆشین
هێشتا مابوون ئەو رۆژانەی رووناهی ببینین
لە تۆغیانا هەڵدەزنان
باران خەیاڵە وشکەکانی تەڕ نەکردبوو نا
ئەی لە خەیاڵ شیرنتر
خەو دەیبردینەوە
شەکانەوەی چنارە باڵا زراڤەکان نەبا
ئاگا نەدەبووینەوە نا

هەڵوەرینی گەڵاكان شەكەتی دەحەساندینەوە
دەماننوڕییە ئاسمان
كە شینایەتی نەدەماو
شەهوەتیش نقوومی تاریكی دەكردین
دەست لە ئەژنۆو
پەشیمانیش بە بێدەنگی كوڵمە خەنەییەكانی
تەڕ دەكردو سیماش
تەمی ماتەمی لەسەر نیشتبوو
تەماشای لوتكە سڕەكان و
بیری چڕی گەڵا تێك ئاڵاوەكانی كاڤارو
كونجی ژوورەكان و سپییەتی رووانینم دەكردەوە
دوێنێ كە نا ئاگا دەخوولاینەوە
لەوەتەی هەین من و خاك

وەك دوو هاوكێشەی دژ بەیەك
ئەو رادەكاو منیش بەدواوەی
نە من دەیگەمێ و نە ئەویش جێمدێڵێ
جارێكی دی خوناو لەسەر گۆناكان نانیشنەوە
گوناهەكانی ئێرەش
بە شەقامە نووستوەكانی شار دەسپێرین
كە لێواو لێون لە شەكەتی و پیربوون
كۆڵانەكانیش چاوەڕوان
ئاوازێك بوو گەرەكم نەبوو گوێبیستی بم
سۆما لێڵ دەبوون بە بینینی
تەرمەكان
كۆكردنەوەی هەر پارچەیەك لە جەستە
راكشاوەكەی ئەوبەر شتێكمان فێر دەكات

**لە حەقیقەتیشدا هیچ**
**جگە لە ئەڤینی تۆو**
**ئافاتی ئەو**
**پیاسەیەك دەمباتەوە**
**شیرینە خەویکیش نەرمتر لە جارانی دی**
**لە پشتی کەشتییەك**
**بۆ کوێ؟ خۆشم نازانم ( نا )**
**مەملەکەتێك تەژی لە نسکۆو هەرەس**
**لە نائومێدی و ترس**
**سۆزمان دەگەڵ سۆزانییەکان**
**ئەو سۆزانییانەی تك تك**
**عەشقیان لێدەتکا**
**سەرنج لە گوڵە پایزەییەکان دەدەم**

سەرەتاتکێش دەگەڵ ئەو شەڕانەی
کە بێبەری بووین لێیان
شەڕەکان چۆڕ چۆڕ
وەفایان لێدەتکا
بۆیە گەڵاکان لە  پڕوشکانی شەڕ
بێبەری نین
شەڕ ئەسپێکی رەسەن بوو
کە ئاژوام ئەفسووس
خۆشم نەمزانی بۆ
لە لێژاییەکان زیاتر
رایدەهەژاندم ڕا
لە نوتەك مەرگی گەڵاکان دەبینم
دێت و رێ بە رێ دەکرێ

لەودیوو هەورەکان جارێکی دی
خۆمان دادەکوتین و بۆ دواجار ماڵئاوایی
لەم دەڤەرە دەکەین
ئەو ساتانەی ( با ) بێدەنگ بوو
سەردەخەینە بان بەرد
بۆ ئەوەی بێتە گۆ
کە وەڵامێکمان چنك ناکەوێ
ئەستێرانیش بە تیەچاوان و
بە بێدەنگییەکی ڕۆژهەڵاتیانە
هزر وەسەما دەکەوێت
دەستەکان دێخینە ژێر چەناگە
تا لە نوتەك خەون بە سپێدەی بێ
شەڕ ببینین.

1997

# دوا پیاسەی بەردەمماڵی شەڕ

خۆشیی بەرباران کە لەبەرائەتی من گەیشت
لە گوناه پاکی کردمەوەو ئەو سپێدانەی نیشاندام
کە دوێنێ خەونم خەیاڵێکی بێ ئۆقرەو بەربڵاوم بوون
نەرمی ئەو ئامێزانەم بیرناچنەوە کە سۆزیان پێ بەخشیم و
رایان هێنام تاریکی شەوم خۆشبوێ
ئەو شەوانەی وێنەی ئازیزانم
لەنێو تاریکییەکی بێ جوانی بەندکردو
بە بێدەنگی ئەو دڵۆپە گەرمانەی کوڵمیان تەڕ دەکردم
هەر لەخۆم دەچوو لە کەسی دی نا
***
گەش لە لێڵایی ئەم رۆژگارەم نۆڕی
کە نە وێنەی دوێنێی من
ئەمڕۆی من و سپێدەی هەموومانی تێدا نییە

دەمزانی ئەو باوەشانە گەرمییان تیا نەماوە
ئەو جەستانە سڕن، ئەوگۆڕانە پڕ لە گوڵن
ئەوگۆڕانە هەموویان نا، تەنیا گۆڕەکەی من و بەس
ئاە ئەمە چ تەمتومانێکە.. وێنەی هەمووانە
کە دڕندە ئاسا لێکگیربوون.. ئاە ئەمە چ نغرۆبوونێکە
بە منداڵی بەو ڕێگایە ڕەت بووم
کە گەورەبووم هەر بێرەدا هاتمەوە
لێرەش نا، لەنشێوەکانی ئەوێ
لە کێشمەکێش و کێبڕکێ
لە بنارەکانی هەوەس بوونیان لە رامانەکانی بیرکردنەوە
نازانم نا چ کاتێ بوو
شەومان خۆشویست
***

هەر لەوێش دەگەڵ جەستەی ساردو سڕی بەفر خەوتین
لە باهۆزێ دەچوو کە گەڵاکانی رۆحمانی دەوەراندو
شەوی سۆز... سۆزی چیاو شریقەی بەزمێك كەلێرەدا رابوورد
پێشی دەوتین ئەوە مەرگی گوڵ و ئەوەش بارانی پەشیمانی
بارانیش بەراوەستانم دلۆپێك لەشەهوەتی پشتی پێ
لە كانیلەی بەردەم ماڵی پاییز رژاندو رۆشنایيەكی بێ رۆشنی
نەخشاند
بە نوسکە دەمانوت تێر مژینی مەمك نەبووین پشتمان چەماوە
ژنانیش بریندارتر لە برینداری كوكوختی ئەم دەڤەرە دەیانوت
ئا ئەوە نییە مەمكمان هێشتا بەشی دووقامكی
سوارچاكێكی رەسەنی بەبەروەماوە
تارمایی بەر دیدی سۆما بوویان تەمی رەشی ئاو نازانم نا نەتەم توانی
رووتییەتی جەستەم دا پۆشێ

نەتارمایی توانی لەباران بێبەشم کات
دەریا لەدوری کەنار لە نزیکی من بۆ ئومێدی دوری
نزیکیش بۆ ئومێدی من
شە پۆلەکان هێور نەبوونەوە
گۆمەکانی رۆح کەنار گەمارۆیاندام
من و کەنار بە جووتە نهێنییەکا نمان درکاند
ئەو نهێنییانەی فێر نەبووین بیاندرکێنین
بێدەنگیمان مردەنی ئەم مردەنییە بوو
کە گوولّەکانیان سیس کرد
دەمێك بوو دەمڕوانییە پە پوولەکان
کە عەشق بازیان دەگەلّ ئاگر دەکردو تینی گڕەکانیان دەمژی
کەچی گوولّەکان شەرم دەیوەراندن
لەرێگاکان دەستخەرۆمان دەکردن

ئەوانیش مەودای بیرکردنەوەیان چەند ساتێ رابواردن بوو
بۆیە نەیاندەتوانی ئۆقرە بگرن
ئا ئەوەتا دەیانبینین
بە برژانگیان کڕنۆش بۆ لە پی پە پوولە دەبەن و شەرم دایاندەگرێ
مەگەر بە مردنیان دەنا چاولێکنانێن
وەك گەلای پاییزان هێور هێور پشتیان بەزەوی دادەدا
ئەو گەلایەی تەنکتر لە دڵی من
نە ئێمە لەبەرائەتی پە پوولە گەیشتین
نەئەویش لەگوڵ
کەچی ئاگر لێرە بۆتە باوەش
بۆتە خەندە... بەمردن و ژیانەوە هەڵدەگەرێت
روونتر لەشەونمی سەر گوڵەگەنم
بەخشکە دەڕۆن بە کزی دەوەرین

لەسێگۆشەی ماڵی من بەماتی دەیویست بڵێ لێمگەڕێن
با پشوێك بدەم و چیتر باران هەڵمنەخەڵەتێنێ
قەدەرێك بوو باران نازی دەکێشام
بەسیمای تەڵخەوەتا نەڵێ کۆتایە
لێی راکشام بۆ ئەوەی لە مانای گریان بگەم
تاخەون بە سپێدەی پڕ لەجوانی ببینم
بڵێینە سوارچاکان تیژتر بڕۆن
بەورێگا سەختانە هەڵگەڕێن تا دەگەنەوە منداڵبوونتان
لە درەخت نەگەیشتین بۆیە نەمانتوانی بیدوێنین
لە کەڤر نەگەیشتین بۆیە نەمانتوانی بیدوێنین
لە زریان و رەشەبا نەگەیشتین بۆیە نەمانتوانی بیدوێنین
لە پەپوولە و گوڵ نەگەیشتین
لەمن ومن نەگەیشتین بۆیە نەمانتوانی بیدوێنین

زمانی شیعر, زمانی هەڵشاخان.. و زمانی کەوتنە لێژی
لێك نەگەیشتین چ سووتانێکە
لەدۆزەخیش بۆیە کڕنوش دەبەین
نەبۆنی سێومان کردو نەدەستمان لە کەمەران وەرێنا
دەربەدەر کراین چ دەربەدەرێك
خۆمان دادەست قەدەر تەنیا نەمانزانی بۆکوێ
وەك کزەبایەك کە باهۆز دەیشکێنێ
لە پاییزی مەرگی گەڵا لە تەمومژی و نبوون
لەکۆت و بەندی من, نا
تۆ تۆی گەورە گەورەتر بۆمانت جێهێشت
وەك تەمەن بەرەوژوورتر هەڵکشا
گوڵەکان مەقرتێنن پە پوولەکان هەڵدەفڕن
تیشکی خۆر بشارنەوە دەنا شەونم دەڕواتەوە

**منم من تەنیا بەر بینابیم بەردەن**
**دڵم گۆڕستانی نهێنییەکانە**
**کێ بڕکێی مردن و ژیان و**
**سەرەتا و کۆتاییە**
**ئەوبازنەیە تەنیا ماڵی من ناگرێتەوە، نا...**

# پیرانەگەیشتم

باهۆز پاشماوەکانی لووداو
ئاسمان لە پەنای خۆی حەشاریدا
بەر لە جێمانی پەلکەزێڕینەی دوای باران
لە رووت بوونەوەو سۆزاوییە ئەبەدەییەکان
لە پشت هەورەکان و مەملەکەتی کۆڤان
سۆزم دەگەڵ سۆزانییەکان و ماچە گوناهەکان
سێڵاوی شەهوەت لووڵدەداو
لەززەت هێورم دەکاتەوە.
لە تۆغیانی هەرەتیما بەر لە بوونی مرۆڤەکان
مەزنترین سەفەرم بەنێو رۆحی کاڤار کردو
لێنەگەڕان پشووێك بەدیار تیشکان بدەم
بەر ماڵم لەبن هەنگرم نا خۆشم نەمزانی بۆ کوێ

بۆ ئەمەش وامان روانی
دوای مەرگی کۆترەکانیش منارەکان چەمانەوە
ئا ئەوەتانێ تەماشاکەن ئەم پێدەشتە چەند تێنووە
چلێسیم دانامرکێ
بەسیلەی رەحمی دیدەکانم
زەوی شەقار دەکەم و ئەم
پێدەشتە خەراباتە دەکێڵم
وەرە سۆزە ئەفسوناوییەکەی ئەوێندەر
سۆزە ئەفسوناوییەکەی هەوەس
وەرە چنارەکان بە پە نجە گۆشتنەکانت دابێنەو
بەهێوریش خۆر ماچ کەین
دیدەکا نمان بکەینە
پە پوولەی سەیرانگەی هەوەس

**ئاه..**
**لێنەگەڕان سۆزەکەی مەملەکەتی کۆڤان**
**جارێکی دی لەم کاڤارە بێتەوە ژووان..**

**شەقلاوە ـ 1997/6/27**

# بارانێکی وشك

**ئەو باخچانە پڕبوون لە دڵنەوایی**
**درەختەکان هێدی هێدی هۆشیان دەبردینەوە**
**ئەو سەرەتایانەی لە ئێمە تەنیاتر بوون**
**ئەو شەوانەی هەرگیزاو هەرگیز بیرمان لە چەتر نەدەکردەوە**
**بەتروسکەی کز دڵمان بەجۆش دەهات و**
**کەچی رۆژمان بەتاریکی دەسپارد**
**بەو چاوە بۆش و لێلاَنەوە دەمان نواڕی**
**دەستە ساردەکانیش دەیترساندین**
**رایدەکێشاین**
**بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگە ناسازەکان بگرین**
**بە پێڵوەکانمان پەشیمانیمان کۆ دەکردەوەو**
**فێرنەبووین یەکترمان خۆش بووێت**
**هێندە خورت بووین برینە کۆنەکانمان وەژان هێناوەو**

ڕووەو هەرەس هەنگاومان ناو سوورایيش نەی ترساندین
لەو جەنگانە ئاگا نەبووینەوە کە زەمانێك بوو بێ هۆشی
کردبووین
هەر ئەو جەنگانەش بوو دەیگواستینەوە و شمشێرێکیش فێری
مقاوەمەتی دەکردین چۆن دەگەڵ درەختەکان بجەنگێین و
ڕووبارەکان بخوێنینەوە و
دەگەڵ مرۆش بئاشنێین...
ئەمە چ چەنگێکە ...!!
پێڵاوەکانیان لە زەلکاوی بیرچوونەوە جێماو لە پشتی
ئەسپێیکەوە
دادەبەزین و سواری ئەسپێکی تر دەبوون
دەماندی برینەکان کێماوی بوونە, دەستمان لە ئەژنۆ دەگرت
گەر ئاسمان باوەشمان بۆ ئاوەلا بکات

مەوداکان ساتێ ئۆقرە گرتنە
دوێنێی بیرچۆونەوە و ئەمڕۆی خنکان, سبەینێش نازانم
لە کەنارەکان گەلێ شتی نایابمان نووسی
مافی درەخت, مافی گورگ, مافی ڕێوی و مشکە
کوێرەکانیشمان لەبیر نەکرد
بەلاّم شەپۆلەکان شێتانەتر لە جاران
تاویان داو وەك بەری دەستیان لێ کردەوە
تەماشای گەلاّ وەریوەکانی ئەم دەڤەرە بکەن
چەند بێ خەتابوون ئەم باغەلاّنەی سێوەکانیان بە خۆوە نەدەگرت
ئەو هەناسە پیرانەی لە درزی دەرگاکان دەیان نواڕی
زوو گوتیان لێ گەڕێن بۆ خۆمان بگرین
سنوورەکانی بۆ عیشق دروست کراون بڕووخێن
گوناهەکان پاکنووس کەینەوە و

چاکتر لەجاران شایە تمانی بدەین
دەنگێك لەناخمدا رامدەچڵەکێنێ
سەر لە گڵکۆکان دەدەمەوە
تابلۆیەك لە تریسکەی رووناکی شەوەزەنگ دەنەخشێنم
لە کونجی ژوورەکەم دایدەنێم
سەمای تابلۆو گریانی رەنگەکان
گوناهتر بوون لەو گوناهانەی بەری کۆچ
لە کەنارەکان نەخشاندمان
لەبیرمان چوو چنگێك لەم عەشقە کۆکەینەوە
تاچیتر بیر لە شەڕو پیاهەڵدانی دڕندە و
قڕکردنی مرۆڤ نەکەینەوە
بیرێك لە سنوورکێشانی ئاو و شەو رامووسان و
خەمۆکی قەیرە کچان بکەینەوە

ڕۆژگارێکە دوو تنۆکە گەرمی فرمێسك لە چاوا نمان قەتیس
ماون
لەم مەملەکەتە خەراباتە بینابییم لێڵ و پێڵوەکانم قورس
چەناگەم دەخەمە سەرسنگم و گوێ بۆ دڵەکوتە ڕادەگرم
خەیاڵ هزرم دەڕفێنێ ئەو گفتوگۆیانەی بەرباران
کە رووناکیان دەخنکاند و سینگی شەویان دەدڕی
وەك جەنگەکان دەریا ئاسا دەگرمێنن و هەمووەمان کۆ دەکەنەوە
تارمایی زێتر دەبن و وەهم باڵ بەسەر ئەم مەملەکەتە دەکێشێت و
ئێمەش شەمشەمە کوێرە ئاسا لەگەڵ رووناکی هەڵناکەین..

کۆتایی ـــ 1997

# باڤاریا

ئێوارانێك
سورایی خۆرئاوابوون دەگەڵ
پانتایی خوێنینی ئەم دەڤەرە خەریکی تێکەڵبوون بوون
تۆش لە ئاسك سرترو
لە ئەسپ چەمووشتر
مەنگی ئەم کاڤارەت دەشڵەقاند
ژنان ئەسپ ئاسا
تاویان دەداو
پە پولەش گەلێ لە جاران جوانتر سەمای دەکرد
رێبواران تولە رێیان دەگۆڕی و
منیش هەر غەریب
باڤاریا
رێبواران خورتترو ژنان جوانترو

ئاسمان روونتر خۆیان دەنواند
ئەوان دەمان هێشتان
ژنان باران گۆنای تەڕ نەکردبوون
پە پولە ئاسان سەمای مەرگیان
دەگەڵ پەریان وسوورایی  خۆرئاوابوون دەکرد
گەرەکمبوو ئۆغر بۆ لای
گوڵەکانی چیاو
بۆ لای گوللەکانی سنوورو
بۆ لای گوڵەکانی مەست بوون
بۆ لای شوێنە نادیارەکان
بکەم. باڤاریا
نازانم بەچیت بشووبهێنم
بە بەفر.. بە ئاو

**یا بەگیا**
**یان بەخوناوی سەر گوڵەگەنم**
**تۆی ئاسك لە سروشت جوانتر و**
**لە باران تەرتر و**
**لە بەفر سپی تر**
**ئەی لەزەمەن غەدارتر**
**هەست بەهیلاکی ئەژنۆو**
**جەستە باران نەدیوەکەت دەکەم**
**بە نوسکە بە "تەم" بڵێ**
**"با" نهێنیەکانی ئەوێ رۆژێ وەشێرێ**
**تا لە نائاگایی بتوێمەوە**
**باڤاریا**
**ئا ئەمێستا باوەشێك لە خۆشەویستی**

**کۆشێك لە عیشق و تیشکی لە مانگەشەویش**
**لەباوەشان بەندکەم**
**ژنان بە چاوتروکاندنێك**
**ئازارەکانی سەردەمی شمشێریان لادەداو**
**جوانی سەردەمی هەرزەییان**
**بە "با" دەسپارد**
**باڤاریا**
**ئا ئەمێستا هەست بەئازاری**
**سەردەمی شمشێر دەکەم و**
**هەتا دێ "تەم"یش**
**نهێنیەکانی پتر دادەپۆشێ**
**تەنها دڵۆپە بارانی ئەمشەو نەبێ ( نا )**
**باڤاریا..**

**2000/1/25**

# گرێ باسێ

لە پانتایی ئێرەی مەرگ ئامێزدا
ئێرەی جودایی و لێکدابڕان
لەو دەمانەی لە گۆرانیێکی سەما ئامێزی
ئێوارەی خوێناوی نەبێت
دەنا لەو ئێوارانەی نەدەکرد
کە باسی عیشق و ئەوین
دەبووە ئەو چیرۆکەی هەر لەوێڕا
چیاکان رەنگی جارانیان نەدەدا
سپی سپی دەچوو رەنگی مەرگ و
رەنگی بیرچوونەوە
سەرا پای چیا لەودەمەڕا
تروسکایی چییە ئەبەد
بەدی نەدەکرا گوڵم

**تۆی دەشتەکی و منیش**
**سپی پۆشێکی چیایی**
**لە کونجێکی ئەم دەڤەرەی**
**کە عیشقی لێ بەدی ناکرێ**
**تەنهاو تەنها ماڵئاوایی نەبێت**
**ماڵئاوا یادت بەخێر گۆرانییەکانی**
**ئەوێ رۆژێ**
**سەردەمانێك ئێرە شعرستانی**
**ئەوین و لێوان لێوترین دەستەو یەخە**
**رەنگاڵەترین رەنگمان لە ئامێز دەگرت و**
**لە باوەشی گەرمی شعر پشوێکمان دەدا**
**نە من چاوەڕوان و نەتۆش**
**بیرت لەو ساتانە کردبۆوە**

ئەم ڕۆژگارە لە شمشێری ژەنگ گرتووی
تۆز لێنیشتووی سەردەمانێك
لەباوانەوە بۆمان جێمابوو
شمشێرێکی دەرنەکێشراوی
کاڵانێکی سواوی سەردەمانێك
نە بە تۆ دەگیرێ و نە بە منیش زەفت دەکرێت
ئەی ڕەنگ خەنەیی هەندێ جارانیش
وەنەوشەیی لە سینەت ( نا )
لە دڵە سپییەکەت ( نا )
لەسۆماو وشکاتی لێوی غەم لێباریوو ( نا )
لە دەزووی کۆلارەی منداڵیشم ( نا )
ئەی ئەوینترین عیشق
لەتۆ بترازێ کەسی دی گۆرانی بۆ ئێوارە ناڵێت و

منیش بۆنی دوا باران و تەمی چیاو خوناوی
سەر گۆڵەگەنم دەکەم
بۆنی بخوورو رەنگی جوانی سروشت دەبینم
بینابیم لێڵ دەکەن لێڵ
تۆی گوناە و منیش جێماوی ترین پە پوولە
بمبەخشە خەندەی لێوی تۆو
تووڕەیی شەڕ ئامێزی سروشت
ئیرۆ هەرچی جوانیم شك دەبرد خنکاندو
سروشتیش سەر لەنوو دەزوو لەجەستە
شەکەتەکەم دەدا
لەودیو دیوی رووانینێك بۆ زەمەن و
لە بولێلی سەراسیمەی تەمەن
ئەی زەمەن چەندە غەدارو

چەندە بێ ویژدانی
ئەمە لێکدابڕانی پەپوولە و گیایە
خاك و جوانییە
دەریا سوور هەڵگەڕاوەو
شەپۆلەکانیش بە رقێکی لەمێژیینە
لێکیان دەداو منیش تا هێوربوونەوەی
شەپۆلەکان پشوویکم دا..

بادینان ـــــ 2000/3/26

# دەزانم ئەمشەو برادەرانم
# خەون بە كیژانەوە دەبینن

من دەزانم مرۆ زیاتر لەخۆی
سروشتی خۆشدەوێت
ئەی ئەوە نیە هەموو نهێنیەکانی خۆی
بۆ جوانی سروشت دەدرکێنێ
بەقەد جوانی سروشتیش من کیژانم خۆشدەوێ
تۆ بڵێی شەوانی لەمشەو
ئەنگوستە چاوتر هەبێ
تۆ دیوتە کیژان
بەقەد ئەمشەو گۆرانیان
بۆ خۆرەتاو گوتبێ
ئا ئەوە نییە چنارەکان
لەم تاریکە شەوەدا
لەکیژان جوانتر سەما دەکەن

ئەمشەو كۆشێك بزەو گەلاو باران
تێك ئالاّبوون
ئەمشەو گەلاّو باران و بزە
لە پەنجەرەوە وەژوور دەكەوتن
گەلێ جاران لەخۆڕا بە بەزمێكی مندالاّنەو
خەنینێكی لەرادەبەدەری هەوەس بازانە
گەلێ جاران دەتگووت رۆژێك دادێ
تۆش دێیتەوە
دەچینەوە ئەو سەرەتایانەی
كە مندالێمان لێ رادەبرد
دەتگووت ئەم پەنجەرانە بەداخراوی نامێننەوە
چیدی گولدانەكان بێ گول نابن و
برادەرە خۆشەویستەكانمان بێ من و تۆ

**گۆرانی ناڵێن**

**ئەو کات هەموومان گۆرانی بۆ باران و گوڵ دەڵێینەوە**

**جارێکی دی بەنیگای تەڵخەوە نارِووانینە رۆژگار**

**( ئەی گوڵم )**

**لە پانتایی سینەت نا**

**لەقەد زناری مەمك**

**هێور هێور لە عیشق دەدوێم و**

**هێدی هێدیش خەیاڵ دەمباتەوە**

**خەیاڵێك بیر لە گەرمی بەفرو**

**لە ساردی ئاگرو**

**لە نەرمی بەردو**

**لە تیژرِەوی ( با ) ناکەمەوە**

**بە من با رووبارەکانم سەراوژێر دەکردەوە**

تا بزانم سەرەتایان لە کوێوەیەو
دەریاکانیش کۆتاییان
لەوەتەی هەم بیرم لە سەرەتاو کۆتاییە
خەیاڵ دەمباتەوە
بەهەمان رەنگ و هەمان شێوە
بەهەمان نهێنیەکانی نێو سەری من
کە لێوان لێون لە نهێنی
بیرکردنەوەم سەرسام و مەستم دەکات
بەمن بێت تا مردن
شەونوێژان
بۆ چیاو بەفرو دەریاکان بکەم
دەگەڵ پەپوولان سەماو
دەگەڵ کوکوختیانیش گۆرانی بڵێم

بۆ هەمیشەیش بەدیار کەون بخەنم و
بە رۆژگاریش بگرژنم
بە خۆم نییە لە کاتی سەما کردن
چاوان لە رۆژگار دادەگرم
بە هێمنی مێژوومان لە پشتی کیسەڵ
دەخوێنمەوە
هێدی هێدی دونیا بەرەو خامۆشی و
ئێوارەش تا دێ خۆی جوانتر و قەشەنگترو
هێمنتر نمایش دەکا
کیژان ئەمە بەفرسەت دەزانن
تا سروودێك بۆ جوانی بڵێن و
روناکی لەباوەشیان بخنکێنن
وەك کۆتران لانەیان گەرم کەن و

بەدیار گێڕانەوەی قەیرە کیژان دا بمێنن
ئای قەرە کیژان چەندە جورئەت و
شەهامەتیان بە رووماوە
کیژان بە گێرانەوەی چیرۆکی قەیران
خەندە دەگرن و کولمیان خوێنیان تێدەزێ
بە سینگی ئاسمان دەگرژێن و دەخەنینەوە
باران گوفەکانی دادەکوتاو
منیش بۆنی گوفەکانم دەکردە بخوورو
خەویشم تاو دەدا
باران دەمشواتەوەو
دەمگێرێتەوە مندالی
کیژان ئەمە بە فرسەت دەزانن و
بە جەستەی سڕی من

زیك دەبن
بەگوفەکان مەست و
بەتەڕی باران دڵنەواییان دەبێتەوە
قامکێك لە کیژان گوڵبژێر دەکەم
ئای کە کیژان چەندە گوناهن
بە جەستەم زیك دەبن و
بەبارانیش سپی و گۆشتنێکی پرتەقاڵی و مزر مزرن
ئای کە چەندەم خۆشدەوێن
خۆشم دەوێن بەقەد خوناوی سەر گوڵە گەنم
بەقەد ئەو گەڵایەی
بەمردوویی بە تاڵەمووی پرچی کیژان
سەما دەکەن سەما...
خوناو دە پڕژێتە سەر گەڵاکان و

گەلاَکانیش بە مردوویی سەما دەکەن
گوڵەکان هەموویان دەخەنن هەموو
مردووانی سەماکار
کیژانی لە پە پوولە ناسکتر و
لە گوڵەگەنم جوانتر
کیژان بە سەماوە جوانن
لە نێو دووکوڵی جگەرە هەموویان قانگ دەدەم و
بە گۆرانی گوتنیش سەرخۆش
دونیایەکی سەیرە
لە سەما خەون بە تێکئالاَن و
لە تێکئالاَنیش بە پشوودانێکی کورت
مەودای هەموو شتەکان کورتە
ژیان خۆی بەرگەی ئەم هەموو شتە ناگرێ

دەزانم ئەمشەو برادەرانم خەون بە کیژان دەبینن
دونیایەکی چەندە ئاڵۆزە
گەر من لەو ئاڵۆزتربم
رامان لە بەژنی تۆوە
تا چاو لە بینایی دەکەوێ
تا چەناگەم سەر بەرەو خوارو
هەورازتر هەڵدەکشێ
لەنێو پرچت بۆنی دووکەڵ و
لە پانتایی سینەت کۆشێك سێو
گەرەکمە لەتێك لە سێوانم بەرکەوێ
تا ئەوینی ئەمشەوی پێ گوناهبارکەم
پەنجەکانیشم بە شەکەتی لەنێو پرچی گەڵاو
خەیاڵی سەما بئاڵێنم

**من بەتەنیا هاتم و**
**بە تەنیاش دەڕۆمەوە**
**تا ئەو پەڕی ژینم لە بەدبەختی و**
**تەمەنیش تا دێ**
**بەرەو پیری هەڵدەکشێ و**
**ئەمشەو گومبوونی پیرێکی دڵ گەنج و شەکەتە**
**با دەرگاکان بەکراوەیی و**
**سەرلەنوو شتەکان بخوێنینەوە**
**تا ئاوێنە چیدی روومان بە تەڵخەوە**
**نیشان نەدا.**
**تا ئەو دەمانێ عیشق رێدەکا گوڵم**
**شەوم خۆشدەوی**
**پە نجەرەکانم بە گوڵدانەوە**

**بەخوناو دەسپارد ئەی میهرەبان**
**کیژان بەدیار درزی ئاسمان و**
**لەکەناری دەریاوە دەنوارِنە جوانی**
**تا لە تاریکی شەوەوە شتێ تێبگەن و**
**سپێدەش بەرلەوەی تاو تاریکی تاودا**
**کیژان پەلەیانە**
**تا نهێنیەکانی ئەمشەو بنخۆڵ کەن..**

**هەولێر/ نیسانی ــ 2000**

# سۆزە ئەفسووناویەکەی ئەوێندەر

ئەوینی عیشقی تۆ بوو
یان رۆژگاری سەیری سەردەمی هەرزەیی
ئەی شیرنتر لەشەكرەسێو
بێدەنگتر لەشەوی ئەنگوستەچاو
تەڕتر لە نمە نمی بارانی دەمەو ئێواران
جوانتر لەسەمای پایزان
تۆ دیوتە بالاّ زراڤەكەی من
ئەی قەشەنگتر لەسروشت
بالاّ زراڤەكەی من
سۆزە ئەفسووناویەكەی ئەوێندەر
چنارەكان چەند جوان هەڵچوونە
دیوتە چەند جوان سەما دەكەن
لەتۆ دەكەن لەتۆ

سەمای مەرگ دەکەن
سەمای بیرچوونەوەو
لێکدابڕان
ئای کە لە پەریان نەبێ
لەهیچ شتێ ناکەن "نا"
تەم بەهێواشی سەرانسەری
ئەم دەڤەرەی تەنیوەتەوە
سەرانسەری وڵات خامۆشە
تەم بەهێواشی
چیاو دۆڵ وڵاتی داگیرکردووەو
منیش تا تەم دەڕوا
رووەو چیا
بیرێك لەسبەینێ

سبەینێی ڕاڕایی و بیرچوونەوە
سبەینێی لێکدابڕان
ڕوودەچم بەنێو نهێنیەکانی نێو سەرم
کە لێوان لێون لە نهێنیی
دەنا لەهیچ ناکا "نا"
چڵەدارێك لەدەست دەگرم
لەتولە ڕێکان تێهەڵدەچمەوە
دەچمەوە بەر ئەو بارانەی
دەمگەینێتە حەقیقەت
دەمەو ئێوارەیە گەڵم
کاتی پیاسەی بەرباران
دوور دوور تەمەشای هەورو
تەمی نێو قەدی چیاکە

لەریشە تۆپەڵ و بەفرینەکەی
باوکم و لەبەرائەتی کۆڤان
دەنا لەهیچ ناکا "نا"
هەندێ جارانیش
لەقژە قەترانیەکەی تۆ ئەی گوڵم
گوڵم ئێرەش کاڤاری لێکدابڕانە
دابڕانی جوانی و حەقیقەتە
ئەی گەنم رەنگ
هەندێ جاران وەنەوشەیی
بالاّ زراڤەکەی من
سۆزە ئەفسوناوویەکەی ئەوێندەر
وەرە پیاسەیەك بەنێو هەور بکەین
بە بەر بارانەوە بێینەوە

"با" باران
ڕێ و ڕێ
بەڕێدا تەڕ تەڕتر لەخۆی
بمشواتەوە...؟!
ئێرە بە "با" دەسپێرم
تۆش بە باران
پێکرا باس
لەخۆشەویستی بەفروگیاو
باران و چیا دەکەین
وەك پێم ووتی عەزیزم
من لەگریە هەور دەکەم و
تۆش لەبارانی ئەوێ ڕۆژێ
نازانم "نا"

**رووندك بۆ جوانی و گەورەیی و ئەوی دی**
**بڕژم**
**چما ئەم مەملەکەتە بشۆرم**
**ئەی لەهەموو دونیا جواتر و**
**لەبەفر سپی ترو**
**لەباران تەڕترو**
**لەمن پڕ لەنهێنی تر**
**نازانم "نا"**
**چما بەگریەی کوکوختیان باوەڕ بهێنم**
**یان بەباران**
**بەسپیەتی بەفر یان بەجوانی سروشت**
**ئای کە خۆشم دەوێی خۆش..**
**ئەی هەموو کەسم**
**سۆزە ئەفسووناویەکەی ئەوێندەر..**

**شەقلاوە ــــ 2002/11/7**

# پەنا

شەوانە من،
چاو بە پەنجە دەسترمەوە..
دڵ بەداستان گێرانەوە هەوێن دەکەم
لە پشتی عەزە نامۆکان
هەناسەیێك دەورژێنم
کەم کەس لەنهێنی زەمانم حاڵی دەکەم
هەر ئەو شەوە..
لەنێو هۆشی بێ هۆشیمدا
سەفەرە خەونێکی دڵنیا دەکەم
تا دەگەمە سەر بەرزایی قەراغە
بێ مۆڵەتەکان
ئا لەوێدا..
درزی گوناهێك دەدوێنم

**لەو درزەدا دونیا و رۆحێکی**
**وەنەوشەییت پێ دەبەخشم**
**ئەی ئەستێرە نەڕژاوەکەی**
**بەختی رەشم..**

**2005/3/27**

# بەرەو پیری هەڵدەکشێم

**دەمێکە بۆت دەمرم و**
**پێ بە پێ بەدوای هەواڵێکی تۆوە وێڵم**
**کەسێ نیە گوێ لەناڵینی من بگرێ**
**لەشەوانی مەستی و دورە دەستی**
**گەر باوەشی گەرمی تۆ نەبێ**
**کێ هەیە کۆشی ئارامم بۆ بکاتەوە**
**وەرە ئاگری ناخم دامرکێنەوە..!**
**لە دورەوە هەناسەیەك بانگم دەکا**
**تا دێ زەمەن زیاتر دەرگاکا نمان بەروودا**
**دادەخا و خەمێکی دیم بۆ زیاد دەکات.**
**تا دێ بەرەو پیری هەڵدەکشێم**
**سپی... سپی... دەچمەوە...**
**گوڵم تەمەنێکم بە( با ) دا**

**لەم دیدەیەت دیبەم**
**سەرم سورماوە...**
**گەر باوەشی گەرمی تۆ نەبێ،**
**دەنا چیدی شك نابەم گوڵی من..**

**2004/7/30**

# خودایە تۆی لە من تەنیاتر

لەدوورەوە هەناسەیەك
بانگم دەکا..
وەك سەرە دەزووی کۆلارەی
منداڵی من ئاڵۆزە
بمبوورە لەئاست گەورەیت
سەر دادەنوێنم
دەزانم ئازیز،
رۆح ئاوێتەی یەکتر دەبن و
زمانیش لەئاست گەورەیت
کلۆڵە دییەم
دەزانم ئازیز،
هەموو سەرمایەی دونیا
ناتوانێ چرکە ساتێکی تەمەن

**بباتەوە دوێنێ..**
**دوێنێ بەهەموو ناخۆشیەکانی،**
**جوانن.. جوان..**
**ئەی زەمەن وەسوڕێ،**
**با بگەم بەم هەناسەو،**
**بۆ دواجار ئاوێتەی**
**یەکتر ببین..**
**ئەی خودا،**
**ئەی لەمن تەنیاتر..**

**2004/5/20**

# سبەی دەمرم

لەنێو ژاوەژاوی بێدەنگیدا
سەرم پڕە لە نهێنی
نهێنیەك بەقەد نهێنی
خواوەند
ئەی وەنەوشەیی
دەتبینم کۆتر ئاسا
لەنێو هەردوو لابالّت
نهێنیەکت هەلّگرتووە
ئەو نهێنیە بەقەد ئازاری تەمەن..
ئازاری دووری.. ئازارم دەدا..
ئەی گولّەکەم.. ئەی گەنم ڕەنگ
ژاوەژاوەی بێدەنگی دەمکوژێ
تەمەن دەڕواو..
لەنێو پیری ڕوودەچم و
سبەی دەمرم..

**2004/5/12**

# ئێوارەیەکمان هەیە

**سەرم وەك چۆلەکەی سەربان**
**لە دەروازەی ژوورەکاندا**
**دەخولێتەوە**
**من بە قەدەر میلی سەعاتی**
**سەرخۆشێك، چاوەکانت**
**ماچم دەکاو وا دەزانم**
**هەموو دوونیاش**
**من ماچ دەکات**
**لە ماچەکاندا دەمرم و**
**لە کفنەکاندا**
**دەژیم و رۆح هەڵدێنم..**

**2004/4/22**

# کۆژین

لەو رۆژەوەی سەرەتاتکێمان
دەگەڵ چیاو
دۆڵ و بەفر دەکرد
لەو رۆژەوەی سەرەتاتکێمان
دەگەڵ رۆژگار دەکرد
دەگەڵ گەمە سەرەو لێژەکانی ئاو و
دەگەڵ پەریانیش سەما سەما
لەو رۆژەوەی هەورە تریشقەی رقی
خواوەند
بەسەرمان دا دەباری
بەئاهی سارد
دەمانوارپییە سورایی خۆرئاوابوون
هێڤیمان بەخۆرەتاو بوو

باهۆزیش رای دەماڵین
قەدەری ئێمە بوو
دەنا رۆژگارێك تیژڕەوترین
گەڕیدەی دوای حەقیقەت بووین
مەفتەنێك ئەبەد چنگ ناکەوێت
دەگەڕاین لەخۆ.. لەتۆ.. لەهەمووان..
سەیری لاباڵی کۆترا نمان دەکرد
چاوەڕوانی هەواڵی خۆشەویستان بووین
بەدیار کوکوختیە گرینۆکەکان
دەستمان لە ئەژنۆ دەگرت
بۆ دوێنێ پەشیمانی داماندەگرێت
بۆ سبەینێش راڕایی
لەم مەفتەنە ئۆقرە ناگرین

**لەخۆ دەگەڕێین**
**لە گوڵە کێوییەکان بپرسن**
**خەریکە بێ دەنگی**
**لاڵم دەکا**
**ئەم سێبەرە چەند سامناکە**
**سامناکە ئەم سێبەرە**
**یەخەی گرتووم**
**ئای شاری غەریبان لەکوێی**
**دەمەوێ پشوویەك بدەم و**
**بەم هیلاکیە گۆرانیەك**
**بۆ سبەینێ بڵێم..**

# گەر ویستت

**گەر ویستت بفڕی**

**گر ویستت بۆ دواجار ماڵئاوایی بكەی**

**ئاورێك بدەوە هاورێم**

**بەری ماڵئاوای**

**بیری دوێنێ بكە**

**كە خەیاڵی بێ ئۆقرەو**

**خەیاڵی خەو بینین بەسپێدەی بێ شەڕبوو**

**ئەو ئەشكانەی تۆ دەیڕێژی**

**بارتەقای رۆحی منن**

**دەكرێ لەو تاڵەمووەی بەر بینایت بپرسە**

**ئەم پەیكەرە چەند ترسناكە**

**ترس و سامی لەدلآن چێ كرد**

**گەرەكم بوو گۆرانیەك**

بۆ عیشق و جوانی بڵێم
گەر خەیاڵی تۆ بینایی دیدەم
لێمبگەڕێ
منیش بەم بەربەیانە دەمەوێ شتێ بڵێم
چ بکەم ئەز ژیان ئاوایە
یەکتر لەئەرز دانە
ئەی سپێدەی رووگرژ
چاو پڕ لە پرسیار
دڵانی پڕ کەسەر
دەبمە خۆڵەمێش و بەرگەی
رۆژگار ناگرم
گەر ئەم جارە هاتی تەنیا وەرە
بەبەر بارانەوە وەرە

**نەفرەت لەبەفر بکە**
**گۆرانی بۆ سپێدە بڵێ**
**بۆ جوانی و خۆرەتاو**
**بۆ ئەوانەی هەمیشە لەحەقیقەت و**
**جوانی دەگەڕێن**

**2003/5/15**

# بەیانیت باش هەرسین

بەیانیت باش..
پە پولە باڵ بەهەشتیەکانی جوانی
تۆزێ رامێنێ و سپی سپی
خۆت بنوێنە
خەریکە گمەگمەی کۆتران و
گریانی کوکوختیان
رەشبەڵکی مەرگ بگێڕن و
ماڵئاوایی لەجوانی تۆ و
لەهەلهەلەی ژنانی ئاوڕژێنی
ساتەکانی ماڵئاوایی دەکەن
زەمەنێکی چەندە غەدارە
چاوان جوانی جاران نابینن و
تادێ زەمەن خۆی بەلۆچی نیشان دەدات

هاوڕێم دەشێ بڵێین
ژیان بەشی خۆشەویستی وەبەرمابێ
شەمشەمە کوێرەکانی
سەردەمی شمشێری ژەنگ گرتووی
جوان کوژ
جورئەت نەدەنە خۆیان
لەم خەیاڵە بەفرینەوە ئاگامان نەکەنەوە
تۆ دیوتە چەندە هەوەسبازانە
ئەمسەر و ئەوسەر بەجوانی دەکرێت و
خەریکە محبەت و ناسکی
پەردەپۆش دەکرێت و
دەڵێن لێگەڕێن با ڕەنگی جاران نەدەن..

2003/1/4 ـ 3

# نازانم نا

شتەکان
نهێنیەکان
بگەینمە ئاسمان
لەحەقیقەت.. جوانی
باران بۆ چۆمەکەی ئەوێندەر
کە لەکاتی
ئاژێریش بەئاگا نەهات نا
دەزانم دڵی من دەزانم
ئەمشەو من تۆم
تۆش ئەو و
هەمووانیش کەرنەڤالێکین
لەتەم
لەبەفر

تۆ،
بەرائەتت لێ دەتکێ
باران عیشق و
بەفر سپیەتی و
ئاویش هەمووان دەشواتەوە
ئەی بەریئتر لەباران
جوانتر لەجوانی
ئاشنا بە ئاشنا
بەرووحی سپی من
ئاشنا
دەمەوێت ئەمشەو
بەرەو ئاسمان هەڵکێشم
رووەو زەوی رووبچم

بەدنیا بگرنژم
بەتۆش بمرم
دەزانم بیری دوێنێ دەکەم
دەزانم بۆ سبەینێ دەمرم
"س" بەرەو شێتی و
برادەرانیشم گاڵتە بەرۆژگار دەکەن
ئاوێنە بە تەڵخەوە
وێنەم نیشان دەدات
زمانم ناڕاستیم دەگەڵ دەکا
قەڵەم ڕێگام لێ وون دەکات
تۆش نازانی نا ئەی جوانتر لەسەما
قەستمە ئەمشەو
لەجوانی باران و "با"

سەفەر
لەنهێنی جگەرەی نێو پەنجەکانم
لەتاڵەمووی خەیاڵ و
لەچرای بەردەمم سەفەر
سەفەر سەفەر سەفەر
سەفەر
قەستمە ڕێگایەك ببڕم
بەری من کەسێك نەیبڕیبێت
قەستمە سینگی ئاسمان هەڵدڕم
هەوران رامالم و
بارانان بڕژم
ئەم ڕێگا دوورەی
هەموو دەم خۆی نزیك دەنووێنێ

**ئەم کیژەی پێنج شەمموان**
**خۆی نمایش دەکات**
**لەشیعر ناسکترە**
**لەبەفر گەرمترە**
**لەچنار بالآترە**
**چۆمەکەی من چۆم**
**ئەی چۆمەی من هەمیشە مەستم مەست**
**ئەی دووری نزیکی من**
**سەیری ئاوێنە بکە**
**سەیری رۆژگار بکە**
**سەیری جوانی بکە**
**سەیری ئاو بکە**
**چۆمەی رۆح**

**چۆپیە دەگەڕێ**
**هەموو خەنین هەموو**
**تەنیا من نەبێت "نا"**
**برادەرانم باران و**
**هەمووانیش**
**سێبەرێکین لەوەهم**
**وەهم خەریکە دەمخنکێنێ**
**سرودێك بۆ تۆو**
**خۆشەویستی و باران بڵێین و**
**بۆ رۆژگاریش بمرین**
**بۆ سبەینێ بخەنین**
**ئەی چۆمەی من**
**تۆش هەم دەم**

لەتەكمبێت و
من سێبەرو تۆش
نازانم نا
سۆزەكەی رۆح..

2003/1/12ـ11

# هەناسەیەك

**بێزار لەبەفر**
**لەشەو**
**لەتەنیایی**
**لەجوانی**
**لەعیشق**
**لەئایندە**
**لەسەما**
**لەشێتی**
**لەقەدەر**
**ئەفسوس ڕێگاکان ڕەنگی جاران نادەن**
**برادەرا نمان گومان لەهەمووشت دەکەن**
**لەبەر سێبەری هەور گەرم دادەهاتین**
**لەنشێوان سارد سارد بەقەد هەناسەمان سارد**

هاوڕێم دەکرا زیاتر گۆرانی بۆ عیشق و
جوانی و
پەیڤە جوانەکانی هاوڕێیا نمان بڵێین
لەم دەڤەرە پڕ لەبەرائەتە هەناسەیەک
هەڵمژین وسروشتمان لەجاران خۆشتر بووێ
دوور لەبێزاری
ئای شەو
ئای تەنیایی
ئای بەفر
شتەجوانەکانی
ئەوێ رۆژێ..

بادینان 2002/12/28

# دڵی من

ئەمشەو ئەستێرە
کلو کلو دادەڕژان
منداڵان خەونیان دەدی
ژنان باوشیان ساردو
دڵی منیش گەرم گەرم
دڵی من
ئەمشەو
تروسکەیەك
تاریکی لولداو
ئەستێرەکان چاویان نووقاند
تاڵە موێك بەقەد باڵا
نەخشێکی نەخشاند
ئاشنام شنەبای سپێدان ئاشنا

به من "با" دەگەڵ با کۆچ و
دەگەڵ باران کۆچ و
دەگەڵ کەنین و گریان و
سوریایی خۆرئاوابوون
سەفەر سەفەر بۆ کوێ
خۆشم نازانم "نا"
وەك با وەك شەو
رووناکی "تاو" دەدەین
بەرەو رۆژێکی تاڵتر و تاریکتر و بزرتر
لێرەڕا
تا گەیشتن بە جوانی جەمالت
ئەی دەلالی من شیرنا من
قەستمە ئەمشەو

**دەگەڵ تاریکی باسی دووری تۆو**
**ڕاڕایی خۆشەویستان و**
**لەهەمبەر جوانی سروشت بکەم**
**دەگەڵ بۆ لێلی سەراسیمەی تەمەن**
**ئەی شیرنتر لەشەکرە سێو و**
**تەنیاتر لەمن..**

**2002/12/11**

# خووناوی سەر گوڵە گەنم

ئەی وەنەوشە،
باڵێ زراڤەکەم
تەمەن دەڕواو
بیرەوەریش جێ دەمێنن..
"باوانەکەم"
نازانم.. نا
من تۆ بەچی بشوبهێنم
بە بەفر.. یان بە ئاو.
یا بە گیا..
یان بە خوناوی سەر گوڵە گەنم..
تۆی ئاسك لە سروشت جوانترو،
لەباران تەڕترو لە بەفر سپی تر..
ئەی لە زەمەن غەدارتر..

**بە نوسکە بە تەم بڵێ،**
**"با" نهێنیەکانی ئەوێ ڕۆژێ**
**وەشێرێ،**
**تا لەنائاگایی بتوێمەوە..**
**ئەی وەنەوشە..**

**2004/7/18**

# هەمیشە سەفەر

**وەرە گوڵم،**
**تۆ بگرنژەو**
**با منیش، لەنێو غەمی قووڵ سپێدە**
**بکەمەوە..**
**وەرە باران ببارەو**
**تینوێتی زەوی بشکێنە**
**ئەی کەنار..**
**بەخۆتم بگرە**
**تۆ هەمیشە لە سەفەرو**
**منیش سەفەری دۆزەخ،**
**هەڵدەبژێرم..**
**وەرە گوڵم،**
**لەنێو، سەمای عەسرانی عومر**

**سەمايەك بكەين،**
**لەسەماى كەسى دى نەچێ..**
**تۆ هەميشە، بە سەماوە جوانى جوان..**
**ئەى بالأزراڤەكەى من..**
**ئەى هەموو عومرم..**

**2004/7/10**

# لەچاوەڕوانی سبەی دەمرم

پەنا بۆ کوێ بەرم
روو لە کوێ کەم
کونجێك ئەبەد شك نابەم
لەچاوەڕوانی سبەی دەتۆرێم
دوێنێ لەزاکیرەم رەش دەکەمەوە
دەچمەوە ئەو سەرەتایەی
کۆتایی لێرە دەست پێدەکا
ئەمشەو ئەستێرە چەندە جوان خۆیان
نمایش دەکەن
لێرەش نەبێت، لەوێ
سکالای بەختی رەشم دەکەم
جارێکی دی بمرم، ئارەزووی هەمان رێگا دەکەم،
ئای ئەم رێگایەم چەند خۆش دەوێ

**کە دەمگەیێنیٚ بە تۆ ئەی گوڵم**
**تـا دیٚ بەرەو پیری هەڵدەکشێم**
**سپی.. سپی.. دەچمەوە گوڵم**
**تەمەنێکم بە "بـا" دا**
**لەم دیدەیەت سەرم سوڕماوە**
**هەناسەت دەمکوژیٚ و**
**لەچاوەڕوانی سبەی دەمرم..**

**2004/6/24**

# دەلالی من

**نازانم ئەم عەشقە**
**بۆ کوێم دەبا..نا..**
**لەسحری ئەو سەرم سوڕماوە**
**دەریا لەکەنارەکانی رۆح**
**کونجێکم پێ رەوا ببینە**
**بەم جەستە شەکەت و هیلاکە**
**ئەی غەم..**
**با ئەم شەو لەبێدەنگی بمرین**
**لە خەونەکان بتوێینەوە**
**ئەی زەمەن چەندە غەداری**
**وەرە با رۆحمان بشۆینەوەو**
**شەونوێژان سەر لەنوێ**
**بۆ ئەم عەشقە خوداییە**

**دابەستینەوە..**

**ئەی خودا،**

**دەبێ لانەی چ پەرەسێلکەیەکمان**

**وێران کردبێت..**

**نازانم.. نا..**

**ئەم عەشقە بۆ کوێم دەبا..**

**2004/6/19**

# تـــەم

تەم و مژە
سبەینێ بزرە
نامۆیش کابوسێکە
چەترێکی لەسەر رۆحم
هەڵداوە
تیە چاوی چاوانی لەیلای من
دەمبا بەرەو ئاقاری نادیاری
نەرمە خەندەی دەلالی من
لاڵم دەکا
منیش شەیدای
کاڤارێکم
دەمگەینێ
بەخەرەندی رۆح..

**2004/6/17**

# تۆش دەبیتە بیرەوەری و بەس

**ژیان تەنێ،**
**هەندێ بیرەوەری لاجێ هێشتم**
**گەر دەمزانی ژیان**
**تەنها کەوتنە..**
**باوەڕم بە هەستانەوەکان نەدەکرد**
**زەمەنێك بۆ تۆ**
**ژیانێك بۆ مردن..**
**شیعرێك بۆ ئاسوودەیی**
**گوڵی من..**
**لەوێ ڕۆژێ ئەژنۆمان**
**لە باوەشان بەند دەکرد**
**کوکوختی لە خەوی قووڵ**
**ئاگای دەکردینەوە**

**هەورە تریشقەی رقی خواوەندیش**
**هەر رۆژەو بەسەر یەکێکمان**
**دادەبارێ..**
**ژیانیش تەنێ..**
**هەندێ بیرەوەریەو، جێ دەمێنێ**
**گوڵی من..**

**2004/6/8**

# زۆر دەترسم

**ڕێژنەباران لەشوشەی پەنجەرەکان دەدا**

**تەمیش..**

**هێدی هێدی،**

**ئەم ناوە جێدێڵێ**

**منیش گوڵێکم هەیە لەچەشنی گوڵ**

**ناوێرم دەستی بۆ بەرم**

**زەمانێکە..**

**لەنێو مەرکانە بەندم کردووە..**

**زۆر دەترسم..**

**مەرکانەکەم بشکێ و**

**گوڵەکەشم بەسیسی سەر ببێتەوە..**

**ئەم زەنگەی سپێدان**

**بەری تاو تاریکی تاودا..**

**ئاگام دەکاتەوە**
**ئازارێکی دیم بۆ زیاد دەکا..**
**سپێدان یەکەم دیدگا**
**شەوانیش بەکەسەرەوە**
**خەون بە خەونێك دەبینم**
**بەر بینایی لێڵ کردووم و**
**دەزانم گوڵی من هێندەی**
**پەڕی گوڵ ناسکە..**

**2004/5/30**

# هیواکانیش با "با" بیبا

**ئاشنای ڕۆحم،**
**ئاشنا بە ئاشنا..**
**بەرەو لوتکەی سینەت هەڵدەزنێم**
**کۆڤانی تەمەن،**
**وەرە با ڕۆحمان بە "با" بسپێرین..**
**با لەسۆزی ڕۆح، سۆزەی ئەوێندەر**
**فێربین یەکترمان خۆش بووێ..**
**دەلالی من..**
**منیش ئەی بولبولی شەیدا**
**وەك و تۆ باوانم..**
**ئەو کاتەی تۆ لەبیر دەچییەوە،**
**من لەمەرگ نزیك دەبمەوە..**
**باوانم، خۆمان داوەتە دەست قەدەرو،**

**هیواکانیش با "با" بیبا..**
**ئەی سۆمای رۆحم،**
**کەڤاڵێك لەرەنگی تۆ و**
**شێوە ئەستێرەیی چێ دەکەم**
**تا نزیکتر لە غەم**
**تەنیاتر لە تەنیایی**
**لە خەونێك بچین..**
**لێوان لێو بێت لە ژاوە ژاوەو ئاگا نەبینەوە..**
**ئەی هەموو کەسم..**

**2004/8/30**

# باوانم،
# کەڤاڵێك لە رەنگی تۆ چێ دەکەم

دە تۆ وەرە باوانم
تارای بوکینی بپۆشەو
رۆژی ئازادی نزیکە
دەمێکە خەون بە خەونێك دەبینین.
تا راستیەکان ئاوەژوو نەبوون و
گوڵەکان نەژاکاون و بۆکی سبەینێی
منیش
بە مەلولی پەلە لەتەمەن نەکات
خەونەکانی حەزی من و تۆ بن خۆڵ نەبن و
خەوەنی تەمەنی منیش دەستەو ئەژنۆم
نەکات
دەزانم ئەم تولە رێیە دەمگەینێتە
کەناری ئارام و لەوێش بۆ هەتا هەتا

به ئارامی سبەینێیەك دەنەخشێنین و
کەڤاڵێك لە رەنگ تۆ دلۆ
لە رۆژی ئازادی چێ دەکەین
باوانم تۆ تا دێی بالاو بالاتر دەبی
منیش غەمەکان وەك پشیلۆکەی
پایزان لەنێو دەستم ئازاد دەکەم و
ئاهێك بۆ رۆژی ئازادی
هەڵدەمژم..

2004/8/20

# ماڵئاوا گوڵی تەمەنم

لێرە بوو
گوڵی ( غەمم ) ناسی
ڕووناکی هێدی هێدی بەهێواشی
دووروو دوورتر دەکەوێتەوە.
لەبەر ئاوێنەی تەمەن
دامان و خۆخواردنەوە
دەستە چورچ و لۆچەکان
بە ریشە تۆپەڵ بووەکەی
ڕۆژگار دادێنم...!
لێرە بوو
باران بەهەموو نەرمی خۆی داباری
ئەو دەم خۆری تەمەن چەند هەنگاوێك
لێمان دووركەوتەوە...!

منیش لێرە مردن و
دوا پێکی ژەهر هەڵدەدەم
تاکوو لەبیر بچمەوە...!
بێ تۆییم پێوە دیارە
ئەو زەمەنە فریومان دەدات
گوڵی تەمەنم...
تادێی دوورو دوورتر دەکەوییەوە
بڕیار نەبوو بۆ ساتێك
لێم دوور نەکەوییەوەو
لەنێو باوەشی من نەبێت
ڕۆژ نەکەیتەوە..
بەدووری تۆ لەغەمەکان
نزیك و نزیکتر دەبمەوە گەڵی تەمەنم..

**2004/8/8**

# ئازیزم لەنیا

**دیبیەم.. دەمێکە**
**شێتانەو هەندێ جار دەروێشانە**
**بەدوای هەواڵت وێڵم**
**بە دەستم با**
**هەموو نهێنیەکانی رۆژگارم**
**بە "با" دەدا..**
**ئەو رۆژەی ئەشقیاترین**
**کەست**
**لەباوەشان**
**بەند دەکرد**
**پایز لەرەنگی منی دەکرد**
**تۆش رەنگی ئاسمانت دەدا**
**لەنیا**

زەمەنێك لە تەمەن چوو
ئەشقێك شێتانە
خۆی نمایش دەكا
دەتۆ وەرە باوانم
"با" من هەمان ئاشق و
تۆ هەمان پەپولەی پایزان
دەزانم بەگرتنت هەڵدەوەرێیت و
منیش دەبم بە خۆڵەمێشی دوای باران
كە تەڕ دەبم..
بیردەچمەوە..
دییەم..

**2003/11/18**

# کـــــۆژان

من و تۆ
قوربانی رۆژگارێکین
تۆ بەدەست شمشێرێکی ژەنگگرتوو دەناڵێی
منیش کوشتەی قەدەرێکم..
من دەمەوێ تۆ بم و تۆش ببی بە من..
هەردووکمان کۆژانێك بووین
کەلەی سەرممان پڕە لە نهێنی و
گوناهێکین,
کوشتەی دەستی رۆژگارێکین
بەڵام گیانە,
من تۆم هەیەو
تۆش من..
هەردووکمان بە حەسرەتی

**سپێدەیەك دەژین**
**جەستەمان ئاوێتەی یەكتر بكەین**
**دەلالی من..**

**2004/11/7**

# بۆنــی
# هەناسەت دەکەم

**وەك بەفر سپی سپی**
**وەك باران نەرم نەرم..**
**وەك گەڵای پایزان تێك دەئاڵێین و**
**سەمایەك دەكەین سەما..**
**ئازیزم,**
**لەجیاتی دەستێكت,**
**هەردوو دەستت دەگرم و**
**توند توند بەسینەمەوە**
**دەتنووسێنم,**
**تێر تێر بۆنی هەناسەت دەكەم و**
**لە لێویشت ..**
**ماچێكی تەڕ دەدزم..**

**2004/11/20**

# گوڵم، کەس
# لە زمانی عیشق ناگا..

شەو درێژەو
خەو لە چاوانم تارییە
خەونەکان زیندەبەچاڵ دەکرێن و
دەنگی دەلالی من نایە..
بۆنی هەناسەت دەکەم,
و خەونەکان لە خەیاڵی بێ ئۆقرە دوور دەکەمەوە
رۆژانی پڕ لەچاوەڕوانی
هەمیشە لە نائاگایی دەتوێینەوە
ژوانی سپێدەی پڕ لەجوانی بەسەرچوون
ئیتر با ئێوارانێکی پر لە مەستیی
ئاگا نەبمەوەو
سەفەری ئەبەدی بکەم..

**2004/12/9**

# لە چاوانت
# داستان دەخوێنمەوە

دەرگام تەنها بۆ تۆ لەسەر پشتە
تا لەوێ بەهێمنی لەسەر سینەت
سەرخەوێك بشكێنم
من بەگریەی كوكوختی ڕابووم
لێم گەڕێ خەریكی "گوڵی من"م
تەنیا و بەچاوی پڕ فرمێسك
وەرە بەر لەوەی بمرین لەباوەشی
یەكتر بتوێینەوە
لە چاوانت تا...... ماچ دەكەم
دەزانی بۆ
چونكە خۆشم دەوێی
هەتا دەمرم دەستم ماچ دەكەم
چونكە بۆنی دەستی تۆی گرتووە

**دڵی من تۆ هەمووو دونیای بۆ من**
**کەواتە هەمووو دونیام هەیە دونیا**
**گوڵی من**

**2004/12/20**

# بەرێ بەرێ

دەلال لەخەونێك دەچووین
خەونێکی بێ ئۆقرە
هەمیشە مەست .. مەست .. مەست
مەست بەچاوانت
کە دەمگووت ئاوڕێك بدەوە گوڵم
قوربانی, ئەی هەموو کەسم
کەسێ شك نابەم دەستم بگرێ و
لەنێو خەمی قووڵ رامێکێشێ و
لەم خەوە قووڵە ئاگام کاتەوە
دەزانم عەزیزم
لێرەبوو گوڵی غەمم ناسی
دەزانم مانگ لەئاسمانەوە
لەئاهی من گەیشت

**خودا لەتوڕەیی تۆ و**
**دونیاش گاڵتەی بە هەرزەیی من هات**
**دەزانم گوڵی من ڕۆژێك دادێ**
**بە دیدەت شاد دەبمەوە**
**لێرەش نا لەوێ**
**لەو دونیای دی هەر پێك دەگەینەوە**
**گوڵی من..**

**2005/1/1**

# تۆم هەیە..
# کەواتە هەمووو دونیام هەیە..

**ئێستاش بۆنی هەناسەت دەکەم..**
**گوێم لە دەنگی پێتەو،**
**بەخەیاڵی جاران**
**بە زەنگی سپێدان**
**لەخەو رادەچڵەکێم و**
**ئاگا دەبمەوە..**
**هۆ ئازیزەکەم**
**گوڵی تەمەنم..**
**بیرتە دەتگوت،**
**دەبێ بە ماچ ئاگام کەیتەوەو**
**دەتگرمە باوەش و توند توند،**
**بە سینگمەوە دەتنووسێنم**
**تا تێر تێر بۆنی هەناسەت کەم**

**تا لە خەیاڵی بێ ئۆقرەی,**
**ئەوێ ڕۆژێ**
**بەدیار شیعرو ئەڤین و عەشقی تۆ**
**سەرخەوێك بشکێنم..**
**بیرتە دەتگوت**
**تۆم هەیە کەواتە هەموو**
**دوونیام هەیە**
**کەسی من ... ؟؟**

**2005/2/14**

# گوڵی من
# بەرگەی خۆخواردنەوە ناگرێ..

باران نەرم نەرم
بەنەرمی خۆی دادەبارێ,
دوێنێی سبەینێشم,
پڕە لەژاوەژاوی بێدەنگی..
سەرم، لێوان لێوە لە نهێنی..
هێندە شەکەتم,
هەنگاوەکان تادێن،
قورس و قورستر دەبن..
ژیانیش لە کابوسێك دەکا، گوڵم
هێندە شەکەتم،
لەدەوری دووری خۆم دەخولێمەوە
چیم لەخۆم کرد هاوڕێم,
تا دێ بەرەو پیری هەڵدەکشێم..

گەورەبوونم نەدی لەبەد بەختی،
کەچی منداڵیم وون کرد..
باران نەرمتر ببارەو
هێندێ ئارامیم پێ ببەخشە، ئارامی
باران بە نەرمی خۆت پێی بڵێ،
گوڵی من هێندەی پەڕی گوڵ ناسکە،
بەرگەی ئەو خۆخواردنەوە ناگرێ..

**2005/3/22**

# هەموو شتێکت بردەوە،
# تەنها خۆت نەبێت

گوڵی تەمە نمیان قرتان
بێهودەبوو هەنگاوەکانی ئەوێ ڕۆژێ
کە دەمانوویست سبەینێی
بێ ڕاڕایی دروست کەین
بیرەوەرییەکانی ئەوێ ڕۆژێ
بەدەستێکی هیلاك و شەکەت
دەسپێرین..
منت دۆڕاند, لە پێناو هەناسەیەکی سارد..
کێ هەیە وەك من نازت هەڵگرێ و
فرمێسکەکانی ئەوێ ڕۆژێت بۆ بسڕێ و
کوکوختی ئاسا گۆرانیت بۆ بڵێ..
دەزانم سەفەرێك بەنێو
بیرەوەرییەکانی ئەوێ ڕۆژێ دەکەی

**بە ئاسمان دەگرنژی و**
**سەفەرێك هەڵدەبژێری**
**کە هەموو شتێك دەبەیتەوە**
**تەنها خۆت نەبێت..**
**منیش دەچمەوە منداڵی و لەوێ ئەمڕۆ بزر دەکەم**
**دەگەڵ سبەینێ پێدەکەنم و**
**چش لەو بەهارەی ڕۆیی و**
**گوڵی تەمە نمیان هەڵوەراند..**

**2005/4/15**

# گەر مردن،
# دەنا چ هەیە لێکمان بکا..!!

ئەتۆی بۆ هەتا هەتا
گەر مردن دەنا چ هەیە
بتوانیٚ لێکمان بکات..؟؟؟
دەزانم چاوەڕێی بەهارێك بووین
تا بیرەوەرییەکان بە نەوای شمشاڵی
پیاوێکی ریشنی سپی پۆش و
کوکوختیەکی گرینۆك بسپێرین
دەزانم گەلێجاران دیدارەکان
بەهەناسەی سارد بە کۆتادێن
بەهەموو هیوایەك هاتمەلات
تا خەونەکان بۆ یەکتر بگێڕینەوە
دەزانم لەخۆباییبوونی تۆ و
هەڵچوونی لاولاوەکان و تورەیی دەریا

وەئاگام دێننەوە..
خەمەکانیش دەمخۆنەوە
باران دەمباتەوە "با"ش دەمگێڕێتەوە
لای لاولاوەکان و لەوێ بۆ هەتا هەتا
لەباوەشی گەرمی تۆ سەرخەوێك دەشکێنم
ئەی زەمەن وەرسوڕێ و بمگێڕەوە گە نجێتی و
تا سەرلەنو تێهەڵچینەوە.. گوڵی من

هەورامان 2005/5/8

# لەدوێنێدا، ئومێدێ بۆ سبەی!!

**لە بەدمەستی خۆمدا**
**کێم هەیە پەنای بۆ بەرم**
**گەر تۆ نەبی؟**

**زۆر گرێدراوی ئەم زەمەنە مەبە**
**دڵێك هەیە بە هەناسە شیعرت بۆ دەچڕێ..**

**تاوسی من زەمەنێکە**
**حەزی سبەینێی من**
**بۆ ئومێدی تۆ لەڕوانە..!**

**بۆ هێندە دووری**
**ئەی نزیکی من**

لە تەنیایی ئەو ڕۆحە
کێم هەیە پەنای بۆ بەرم
گەر تۆ نەبی

ئەی ڕەنگاڵە ئاوڕێ بۆ دوێنێ بدەرەوە
تەنها ئومێدێ بە سبەینێ ببەخشە

2005/6/2

# لەدوای دە رۆژ دەمناسیەوە

لەچاوەڕوانی زەنگی تۆدا
بوومە تۆپەڵێك گڕی چاوەڕوانی
دە پێم بڵێ کێ هەیە بەقەد من
گوێ لەناڵینی کوکوختی بگرێت!!؟
نازانم "نا"
کێ هەیە بەقەد من
چێژ لە سەمای پەریان وەرگرێ
ئەی پەری
زوو دەتگووت وەرە کەسی من گەر بەکەسی خۆتم دەزانی
بەر لەوەی بمرین باوانەکەم
تێر تێر بۆنی هەناسەت بکەم و
لەباوەشی یەکتر
دوێنێی ساتە ناخۆشەکان

**لەزاکیرەمان بسڕینەوە**
**سبەینە بەلادیوارێك هەڵبواسین و**
**بۆ ئەبەدیش یەکترمان خۆش بووێ...؟**

**2005/6/19**

# دانیـــــار

نزیك تر لەغەم
تەنیاتر لەخودا
بێدەنگ تر لەبێدەنگی
ئەی سپیتر لەبەفر و
نەرمتر لەباران
گەنم رەنگ, هێندەی دووری ئاسمان خۆشم دەوێی
ئەی ئاسمان, ئەی گۆرستانی ئەستێرە
وەخۆتم گرە، با کابوسی خەم یەخەم بەردا..
پنجە گیاکان مەرگی خوناو دەبینن
منیش مەرگی خۆم لەدووری تۆ دەبینم
ئەی دووری نزیکی من
من و ژوورەکەم لەبێدەنگی یەکتر....؟
یەکتر دەخۆینەوە
ژوورەکەم وەفادارمە, گوێ لەبێدەنگی من دەگرێ..

**2005/5/22**

# چوارشەممەیەك دەمكوژێ

**ئەمشەو دەگەڵ تۆ**
**دەگەڵ بیرەوەری و**
**رۆحە سپیەکەی هاوڕێم**
**گەرەکم بوو ماڵێك چێ کەم**
**خۆم و تۆو ئەو و ئەوان**
**هەمووانی تێدا بنووسمەوە**

* * *

**ئەی بیرەوەرییەکانی ئەوێ رۆژێ**
**ئەمشەو بەتەنیا ئێرە جێ دێڵم و**
**بەشەوە تاریکەکانەوە، تەنیایی جێ دێلم و**
**بەهێمنی پیاسەیەك دەکەم**
**لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم و**
**لە تەماشای چنارە بەژن زراڤەکان و**

سەمای مەرگی گەڵاکان تێر نابم
لە چاوانت دەڕوانم داستانیان لێ دەتکێ
لە زەردەخەنەی ئەوێ رۆژێت دەڕوانم
خەندەیان لێ دەبارێ
ئەمشەو هەموو شتێك بێدەنگە
تەنها ترپەی دڵی من نەبێت
ئەمشەو ئاهی من دەتگرێ
ئەمشەو هەموو شتەکان رەنگی کفن دەدەن
سپی.. سپین، تەنها بەختی من نەبێت
ئەمشەو لە پەنجەرەوە کوکوختی گۆرانی دەڵێن و
باران بە نەرمی خۆی دادەبارێ
زەوی دەشواتەوەو گوناهەکان رادەماڵێ
دەسا ئێستا چاوانت بنوقێنەو

بیرێك لە دوێنێ بکەوە
چاوانت هەڵێنەو لە سبەینێ بنوارە
بیر لە دوێنێی سبەینێ بکەوە
بۆ دواجار پێم بڵێ خۆشم دەوێی و
تەنها تۆی ئارامی بەرۆحم دەبەخشی

هەورامان 3/2 ـ 9 ـ 2005

# بێ تۆییم پێوە دیارە

ئەی بالآ،
زۆر شەکەتم
ڕێگەم بدە،
پشووێك لەبن سێبەری مەمکەکانت بدەم..
ڕێگەم بدە پیاسەکانی بەر باران و
تەمی ڕێگە دوورەکانت بیر بێنمەوە..
پرچت لەسەر باسکم پەرت کەم،
تا بیرەوەرییەکان ڕەشکەینەوە..
هەر وەك نەبم، وەك بزربم، لەتەنیایی
لەم ڕاڕایی و جێگۆڕکێی ژوانەکان
لەم ژووانی باران جەستەی منی رووت کردەوەو
تەمی لەخۆی تۆراند..
لە شەوانی بێ ئەستێرەو خۆشەویستی
بێ تۆییم پێوە دیارە

2005/9/22

# ئەی ئازادی رۆح لە کوێی

**دەمویست لەنێو فرمێسکی ئاگریندا**
**لە تەنهایی و سەمای شێتانە**
**کڕنوشت بۆ بەرم و**
**ڕۆحی خۆمت بۆ بشۆمەوە**
**ئێستا نهێنیەکانی نێو سەرم**
**وەك شەو ئاوسی بێدەنگین**
**دەسا وەرە عەشقت کویلەی کردم**
**تۆ دیوتە من کویلەی تۆ و**
**تۆش کۆیلەی ئەوانی**
**ئەی ئازادی ڕۆح لە کوێی**
**وەرە ئاگری ناخم بە سەمای شێتانە**
**بگەشێنەوە و سەما بکە سەما**
**بریا لە فرمێسکەکانم تێمدەگەیاندی**

**كە چەندە خۆشمدەوێی و**
**لەنێو فرمێسكی ئاگرینی**
**تەنیا یمدا پەیكەرێكت بۆ دروست نەكەم**
**چما چبكەم**

**2005/10/3ــ2**

# گومانەكان بەرەو یەقینم دەبەن

شوێنی ژووانەکانیشمان پڕ بوون لە چاوەڕوانی
دەڕامێنیٚ گوڵی
لاوانەوەی تۆو ناز هەڵگرتنی ئەویٚ ڕۆژیٚ
وەك پەشیمانی وان
وەك ئەو مەرکانەی کە گەلاٚکانی بیٚ خودان
سیس دەبن سیس
کەس وەخۆم ناگریٚ کەس
سەفەریش سەفەر
تۆ بووی ڕێگاکانت
پیٚ وێڵ کردم
ئەی کیژی ئاسمان
وەك خوناو وەك گوڵەگەنم
کیژیٚ لە وڕێنەیەك ئەمەی بە گویٚ چرپاندم

**سەمای گەڵاکان نەبا ( با )**
**سنەوبەرەکانی لار نەدەکردەوە**
**تۆش نەبای، من ڕێگاکانم ون نەدەکرد.**
**دەسا وەرە ئێستاش**
**گەڵاکان سەما دەکەن سەما**
**بە من مەست دەبن و**
**لە مەستی تۆش ( با ) لە سەما دەکەوێ**
**ئەی ( با ) ئەی نهێنی**
**گومانەکان تا دێن بەرەو**
**یەقینم زیاتر دەبەن**
**ئەی ( با ) وەرە بمبە**
**بەرەو کەنار. تا لەوێ**
**جارێکی دی جێی ژوانەکان ڕەشکەینەوە..**

# چاوەڕوانی

ئەوەندە چاوەڕوانم کردی
لەخۆم نەبی لە کەس نەچووی چاوەڕوانی
ئیدی باوەڕ ناکەم کەسێ هەبێ
پەیکەری خۆشەویستیت بۆ دروست بکا
من دوو شتم لە تۆ خۆشەویست
کوڵمەکانت کە خەندەیان لێدەبارێ
توڕەبوونەکانیشت کە جوانتریان دەکردی
دە سا گوڵی من ئێستا کێ شك دەبەم
ئەم درەوشانەوەیەم بۆ بگێڕێتەوە
لێرەڕا بە دوێنێ دەڵێم
شەوەکان بە هەموو تاریکی خۆیان
چەندە جوان خۆیان نیشاندەدا
بە سبەینێ دەڵێم ئایندە چەندە قیزەونە

ئای چاوەنواڕی هەر چاوەنواڕ دەبم
تا دەچمەوە ئەو سەرەتاییانەی
دەمگەڕێننەوە جێی ژوانەکانی
ئەوێ ڕۆژێ.

# ئیدمانم بەتۆ

**بەرەبەیانیەکی زوو**
**تازە شەو دەیویست ماڵئاوایی بکات و**
**تاو تاریکی تاودا**
**ئەو پەنجەرەکەی ئاوەڵاکرد و**
**بە پەنجە چاوانی دەسڕی و**
**بەدیار مەرکانەوە "داما"**
**هێشتا مانگ تریفەی دادەباراند**
**منیش بە بێ دەنگی**
**ئەژنۆم لە باوەشان بەندکرد و**
**بە دیار ئەوەوە رامام**

* * * *

**دوێنی شەو لە بەدمەستی خۆمدا**
**لە نا ئاگایی**

**بیرەوەرییەکانم رەشدەکردنەوە**
**ئەو سەرەتایانەم تورڕ هەلدا**
**کە یەکەمین دیدگا و هەولین جار**
**پێم ووتی خۆشم دەوێی**
**"خ ۆ ش م د ە و ێ ی"**

* * * *

**روو لە ئاسمان و لە سەر پشت راکشام**
**ئەستێرانم دەژمارد**
**تەنیا ئەستێرەی تەنیایی من دیار نیە**
**لەم شەوە تاریك و تەنیایەدا**
**یارا من. دلا من.**
**دەلالی من نابینرێت "نا"**

* * * *

ئیدمانم بە تۆ
بە لێوی تۆ بە چاوانی دوور
راماوی تۆ.
فریای ئەوەنە کەوتم جارێکی دی
پێت بلێم خۆشمدەوێ ی
دەنا ئێستاش شەونوێژانت بۆ دەکەم

* * * *

وەرە بالایەکەی من
باتێر تێر تێت بروانم
لەباوەشانت وەرێنم و
بۆنی هەناسەت بکەم و
بۆ دوواجاریش پێت بلێم خۆشم دەوێی.

# با سبەی لە ئەمڕۆ نەچێ..

ئێستاش مەمکەکانت منی منداڵی دەوێ
بیرتە سپێدەیەك تیژ تیژ بە بەردەمتا ڕەتبووم
وەك چنار باڵا باڵا تێت دەڕوانیم
دەتویست باڵ بگریت و بە دوامەوە بفڕیت
سپی.. سپی دەچووی وەك ڕۆحەکەی من
بیرتە بەیانییەك لە درزی دەرگاوە تێت دەڕوانیم
بە پە نجەکانت ئاماژەت دەکردو
بە هێمنیش لەبەر خۆتەوە گۆرانیت دەگوت..
دە پێم بڵێ، ئەی ڕۆحەکەی من
ئەی.. دڵدارەکەی ئەوێ ڕۆژێ،
خووت داوەتە چی؟
بۆ وا داماو و کلۆڵی
با وێکڕا، بزەیەك.. خەندەیەك،

**بۆ سبەینێ بنەخشێنین..**
**با بڵندتر لەبالای دیرۆك..**
**با.. لە شنەی ئێوارانی ئەوێ رۆژێ ناسكتر..**
**چەشنی ئاوێزان**
**گوڵم، رۆح ناسكەو رۆژگاریش ستەم،**
**بەدیدی دڵ، هەر رۆحەو سەمای مەرگ**
**لەگەڵ سپێدەكان دەچنێ..**
**شرۆڤەكان لاڵن لە زۆرینەی گوناهەكان**
**لێ ئاوازەكان، هەردەم لە هەوڵی چرۆدان..**
**با غەمیش، دەست لەملانێمان بكات،**
**با دوێنێ و ئەمڕۆش جودا بن،**
**گرنگ سبەینێیە..**
**لەژێر هەمان پیرە داری جاران چاوەڕوانتم..**

# دووکەڵ، پەنجەکانی قانگ دام..

لە دوورەوە بەچرپە گوێم لێتە،
لەدوورەوە بۆنی هەناسەت دەكەم،
غار غارێنی ئەوێ رۆژێ ی،
نێو قەرسیلان و
شێلانی پنجە گیاكان و
هەڵوەرینی خوناوی سەر گوڵە گەنمت بیردێ؟
دەسا سەر هەڵبڕەو
بیری دوێنێ بكە
لە مرۆی راڕایی بڕوانە
كە پێڵوەكانت چەندە ماندوون..
ماندوون وەك جەستەی من شەكەتن
خێران وەك لێدانی دڵەكەی من
ئەی برادەرگەر لە زمانی عەشق

تێنەدەگەیشتی
بۆ ئەم هەموو بزەیەت دامێ؟
بۆ کۆڵەمەکانت نیشاندام،
کە خەندەیان لێ دەباری..
دەسا وەرە لێم بڕوانە
منی هیلاکی شەڕەکان
منداڵیم ون کرد و
گەورە بوونم نەدی لە بەدبەختی..
دەستە لەرزۆك و ریشە تۆپەڵ بووەکەم
دووکەڵ پەنجەکانی قانگ دام و
من و پێك و عەشق و دۆڕان
یەك یەکتر تەواو دەکەین..

# ئەو گوڵێك بووی..

ئەو رۆژ بەدوای رۆژ
وەك گوڵ دەپشکووت
دەگەشایەوەو باڵا دەبوو
وەك ئاسمان رەنگی دەریای دەگرت
ئەو خەندە بوو
نەرم بوو وەك باران
بەرز بوو وەك چیا
ئەو گوڵێك بوو
لە پەڕی گوڵ ناسكتر
ئەو پەپولەیەك بوو
ئاگری ناخم باڵەكانی سووتاند
ئەو ئێستاش

**لەگەڵ خەیاڵ و ناخم شەڕیەتی**
**ئەو دۆڕاو**
**منیش ڕەشبوومەوە..**

# لیزا..

لێگەڕێ، با هەموو شتێك دابڕێ،
ئەوە ئێمەین هاوڕێ..
تا ئەو پەڕی مەست و
وڵاتیش چراخانە..
ئا هەمووومان چەماینەوەو
شەونوێژا نمان دابەستاوە
ئەی هاوڕێ،
تاکەی گۆشەگیرو چاوەڕوانبین
تۆ هەنارێك بووی
هێمای هاودەمی خەونم بووی
بێهودە بوو، ئەوێ رۆژێ
بەدیار نیگات رامام
بەخۆم رێگاکانم وێڵ کردو

(کاڤار)یشم بە خنکاوی جێهێلا
وەك گوناهبارێکی بێ گوناه
تاڵ تاڵ، مووی پەرچەمی
گەڵای پاییزت بە پەنجەکانم
داو داو لێك جودا دەکرد
ئەی کیژی ئاسمان،
بۆ نایەیتە خەونم،
کە خەونم خەیاڵێکی بەربڵاو و بێ ئۆقرەن
تۆ، ئەی گوناهەکەی سێبوریم
بۆ نابیتە باران و
تەڕ تەڕم کەی
ئاگری ناخم دامرکێنی..

2005/12/4

# ساقی وا بادەوە

شەوانە لەبەدمەستی خۆم
پەنجەکانم دەگەڵ دووکەڵی جگەرەو
ئەژنۆم لە باوەشان و
رەنگی زەردی خۆم و
رووخساری خەندە لێباریوی تۆ
بەرێ دەکەم
پەیتا پەیتا کوکوختی باڵ دەگرن و
ماڵئاوایی لە خۆرەتاو دەکەن..
کە تیشکی خۆر کوژایەوە
لێکرا هەستاینە سەر پێ
بۆ بەرێکردنی تەرمی خۆرەتاو
لەم بولێلی سەراسیمەی تەمەن
باهۆز ئەو و ئێوارە لول دەدا

**منیش جێگایەك شك نابەم**
**تا پشوێك بدەم**
**جگە لە تەنایی و خۆخواردنەوە**
**نەبێت، چی دی نیە، نا**
**"ئەگەر شەو درەنگە ساقی**
**بۆم تێکە کەمێکی تر.."**

**2005/12/7**

# ئەمشەو لە چاوەڕوانیدام

**بیرت دەکەم**

**ئاسمان**

**تۆ چەترێك بووی**

**غەریبی منت دادە پۆشت**

**تۆ باران بووی دادەباری و**

**تێنویەتی زەویت دەشکاند**

**بیرتە لەیەکەم دیدەنیت**

**چەندە تێم رووانی**

**لێوم چەندە تامەزرۆی**

**مژینی لێوت بوو**

**دەستەکانم چەندە برسی**

**گوشینی جەستەت بوو**

**دەسا وەرە گوڵێ**

وەك باران ببارە
جەستە شەکەت و هیلاکەکەم
تەڕ تەڕ کە
ئەمشەو لە چاوەڕوانیت ئێشکگرم
دەرگام لەسەر پشتەو وەژوور کەوە
دەمت بخە نێو دەمم و
وەخەبەرم بێنە

2005/12/9

# لەیلا

لە کەنار دەریا قوڵ رامام
یەکێك بە چرپە بە گوێدا چرپاندم
کە خەبەرم بۆوە
ئەو بوو ماچی دەکرم
یاری بە پرچم دەکردو
بۆنی هەناسەی دەکردم
ئەو لەبەر پێمدا درێژبوو
چاوەکانی لێك نان و
خەوی قوڵ بردیەوە.
منیش بە پەنجەکانم
یاریم بە گوناى دەکردو
وەك ئەوەی شمشاڵ بژەنم
چاوانم چوقاندو

**لێوم خستە سەر لێوی**
**هەرچی شیلەی تێدا بوو**
**تێر تێر مژیم.**

# گوڵێك بوو

**دەمەو ئێوارەیەك**
**دونیا خامۆش**
**ئەو پەنجەریە هەر نەکرایەوە**
**گوڵەکان لە نێو مەرکانە**
**سیس بوون و رەنگی**
**پایزیان گرتووە**
**ئەم کۆڵانە رەنگی جاران نادا**
**ئەی مەرگ لە کوێ ی**
**دە رووخسارتم نیشاندە**
**بۆ هێندە دووری**
**وەرە لە دەرگای رۆحم دە**
**پیاوێکی ریشن و سپی پۆش**
**چاوەڕوانتە.**

**سێبوری و ئومێدم بزر کرد**
**ئەویش بێ پەروا**
**لەزەت لەم رێگایە دەبینێ و**
**جلی تەنکترو نەرمترو**
**هەتا تەڕتر لەبەر دەکا.**

# هێڤی

**هێندەم لە چاوانی نواڕی**
**لە نێو ئەودا نقوم بووم**
**هێندەم تیڕوانی عەشق و راموسان**
**بردمیەوە.**
**لە نێو ماچ بارانی ئەودا**
**مەست مەست مەست بووم**
**دەزانم ئەو لە سەما ناکەوێت**
**بە چاوە رەشە قەترانیەکەی**
**ناخم دەهەژێنێ**

**سۆران 2005**